# تراژیدیای ناشادیی بوونایەتیی
# لە نێوان مەم و زینی خانی و ئەفسانەی تراژیدی یۆنانیدا

**پ. د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ**
بەشی کوردی- فاکەڵتیی ئاداب - زانکۆی سۆران- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**هەندرێن مهدی احمد (هەندرێن)**
زانکۆی سۆران - هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە تەنێ گواستنەوەی خەیاڵێکی داهێنراوی سەرەتای بیرکردنەوە و خەیاڵی بە کۆمەڵیی مرۆڤایەتی و نەتەوەکان نییە، بەڵکە گەشەسەندنی هزری مرۆڤایەتییە بۆ گەردوون و خەیاڵاندنی ئەو بوون و ژیانەی کە پەیوەندی بە مرۆڤ و نەتەوەکانەوە هەیە، ئەفسانە ئەزموونێکی قووڵی ڕووحی و جوانیناسییە کە ڕەنگدانەوەی قووڵترین پێکهاتەکانی میللەت و هەستەکانیی مرۆڤە و لە ڕێی توخمی هاوبەشی ژانر و فۆرمەکانی گێڕانەوە و شیعردا بەردەوام خۆی دووپات دەکاتەوە. ئەفسانە بە ڕەهەندە بەرفراوانەکەی لە ناو تراژیدیادا وەک بوونایەتی کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەیە. شیعر و ئەفسانە و تراژیدیا پەیوەستن بە ئەزموونی مرۆڤەوە، پڕن لە مانا و نهێنی، و گوزارشت لە پێکهاتە دەروونی و جوانیناسی و پاڵنەرەکانی دەکەن لەو سۆنگەیەوە ناونیشانی توێژینەوەکە (**تراژیدیای ناشادیی بوونایەتیی لە نێوان مەم و زینی خانی و ئەفسانەی تراژیدی یۆنانیدا**) گەڕانەوەی خانی بۆ بەهانەی مەم و زین و هێماکردنی لە چوارچێوەی داستانی ئەفسانەئامێزدا، بەبەراورد لەگەڵ ئەفسانەی چەند تراژیدیایەکی یۆنانی، لەناو ئەو ڕەهەندە بوونە کوردییە ناشادە تراژیدییە قووڵەدا بەرجەستەکراوە. هەر بۆیە ئەو هزراندنە تراژیدییەی خانی لەم بوونەی تراژیدییە ناشادەی ئێستەماندا دەلەرێتەوە. شاعیر دەیەوێت، لە ڕاستییەک بدوێت و مامەڵە لەگەڵ بوونایەتی ئێمەدا بکات.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەفسانە، کۆنەست (لاشعور جەمعی)، مەم و زین، تراژیدیای یۆنان، ناشادیی.

## پێشەکی

داستان و ئەفسانە سەرەتاییەکان کەرەسەی گرنگی ڕوانینەکانی مرۆڤە بۆ سروشت و دەوروبەر و گەردوون بەشێکی گرنگی هزرە فەلسەفییەکان لە بنەما و ڕێساکانی ئەفسانەی یۆنان وەک شارستانییەتی ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە، لەهەمان کاتدا بە فۆرمی جۆراوجۆری دیکەوە بەردوام لەگەڵ پرسە مرۆڤایەتییەکانیدا وەک کۆنەست ئامادەییان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا داستانی مەم و زین لەپاڵ ڕوانینی شاعیر، ڕوانینێکی نائاگاییانەی کۆنەستی کوردە، بۆیە بەتایبەت لە ڕەهەندە ئاینی و فەلسەفییەکەی مەم و زیندا، دەکرێت ئەم داستانە درێژکراوە و بەدوا داهاتووی زۆر بیر و هێمای نائاگایی کورد بێ، کە دەکرێت لەچوارچێوەی تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەفسانەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەتی بابەتی تراژیدا پەیوەستە بە زۆر پرس و ڕەهەندی بوونایەتی و ئێستاتکییەوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ناونیشانی توێژینەوەکە (تراژیدیای ناشادیی بوونایەتیی لە نێوان مەم و زینی خانی و ئەفسانەی تراژیدی یۆنانیدا) بەتایبەتی لە کایەی بەراوردیدا شیاوی لێوردبوونەوەیە، وەک سنووری توێژینەوە گوڵبژێرێک لە ئەفسانەی تراژیدیای یۆنان وەک (ئۆدیپۆس، ئیکارۆس، تیسیۆس، پێریسقۆنی) وەرگیراون.

ئەو هزراندنە تراژیدییەی خانی بەرجەستەی کردووە لە بوونی تراژیدیی ناشادی ئێستەماندا دەلەرێتەوە. شاعیر دەیەوێت، لە ڕاستییەک بدوێت و مامەڵە لەگەڵ بوونایەتی ئێمەدا بکات. بەبەراورد لەگەڵ ئەفسانەی یۆنانیدا چەندین پرس و گومان هەن لەبارەی چییەتی بوون و مرۆڤ و گەردوون، کە خۆیان لەناو زۆر فۆرم و ژانری جۆراوجۆردا بەیدی کردووە. تراژیدیا لەچوارچێوەی گێڕانەوەیەک هەڵگری زۆر پرسی جۆراوجۆرن، یەکێک لەو پرسانە پرسیی پێناس و بوونایەتییە. هەروەک چۆن لە ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس ورژێنەری پرسیاری فەیلەسوفانن بەتایبەتی لەو ئەفسانانەی لە ناو داستانەکاندا ورژنراون و بەراورد لەگەڵ ئەو تراژیدیایەی کە مەم و زین، هەیە درێژکراتەوە حەسرەت و کوولوکۆیە لە فۆلکلۆر و حەیران و لاوک و سەردوولکەی کوردیدا خۆیان دووپاتەوە دەکەنەوە.

لە پرسیارەکانی ئەو توێژینەوەکەشدا جەخت لەوە دەکرێتەوە چی وایکردووە هونەری تراژیدی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بێت و بەردەوام خۆی بەرهەم بهێنێتەوە؟ بۆچی ئێمە بە تامەزرۆییەوە هەڵیان دەبژێرین و ئەو ئازار و ناخۆشییانە وەک ڕووداو لە شانۆنامە تراژیدییەکان و فیلمە ترسناکەکان و ڕۆمانی خەمناکدا وێنایان دەکەینەوە؟ ئایا ئەم ئازارە هیچ چێژێکی جوانکاریمان بۆ دەهێنێت، چ پەیوەندییەک بە ئێستاوە گرێ دەدات؟ ئەو فۆڕمانای لە تراژیدیا سەرەتاییەکانەوە لە ئێستادا و داهاتوودا بەرهەم دێنەوە چۆن و چین؟ لە ناو ئەو ناشادییەی تراژیدیای خانیدا چۆن ئەو بونایەتییە ناشادەی کورددا لە ڕێی توخمی

ئەفسانەوە لە تراژیدییایەکی خۆشەویستی بۆ تراژیدیایەکی سیاسی وەردەچەرخێت؟ ئەو ململانێ و ناشادییە لەناو تراژیدیای مەم و زین و گوڵبژێرێک لە ئەفسانەی یۆنانی سازکردنی هزر و ڕوانینە ئێستاتیکیی ئەفسانە بەراورد دەکرێت، بەشێکی گرنگ لەو شوناس و بوونایەتییەی کوردی لەناو ناشادیی بوونایەتیدا لە داستانی مەم و زیندا دەخرێتەڕوو.

**چەمک و مێژووی ئەفسانە**

زاراوەی ئەفسانە (میتۆلۆژیا)، لە دوو بڕگە پێک هاتووە (میتۆس: ئوستوورە، چیرۆکی خواوەند و پاڵەوانەکان)،(لۆژی:زانین). (www.ne.se/uppslagsverk/encyklopedi/lång/mytologi) ئەفسانە، بەرهەمێکی زارەکیی مرۆڤە و داهێنراوی عەقڵ و خەیاڵە، ئەفسانە وەک فرە زاراوەیی چ لە زمانی کوردی یان لە زمانە بیانییەکاندا پەیوەستە بە چەمکی ئەفسانەوە و دیاریکردنی بنەماکانی ئەفسانەوە. لە کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی ئەفسانە بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی ئەستوره و ئەفسانەی خواوەندەکان و میتۆلۆژیاش بەکاردەهێنرێن، کە لە زمانەکانی دیکەی عەرەبی و فارسی و ڕۆژئاواییەوە وەرگیراون. زۆرجار سنووری بەکارهێنانی زاراوەی ئەفسانە و چەمکی ئەفسانە لە بەکارهێنانی زاراوەکان دەرناکەوێت، واتە مەبەست لە زاراوەی ئەفسانە چییە؟ بەڵکە هەموو ئەو ڕەهەند و ڕەگەزە ئەفسانەییانەی کە لە ئەستوره یان مێتۆلۆژیاشدا هەن وەک ئەفسانە بەکاردەبرێن، یان وەک زاراوە، بە هەموو فۆرمێک یان لەخۆگری ڕەگەزی ئەفسانە دەوترێت، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و تەنانەت توێژینەوەی هێما ئەفسانەییەکانی شیعریش وەک بابەتی ڕەخنەیی بەناوی زاراوەی ئەفسانە دەخرێنەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو مشتومڕەی یان ئەو تێکەیشتنەی بەشێکی زۆر لە تیۆریست و ڕابەڕانی توێژینەوەی ئەفسانە، ئەفسانە بەپێی بنەماکانی ئەو تێگەیشتنەی کە باس لە خواوەندەکان و نیوەمرۆڤ و دروستبوونی گەردوون و لێکدانەوەی دیاردەکانی گەردوون پێناسەی دەکەن، لە زمانی ئینگلیزی (Myth)، کە لە بنچینەدا وشەی (Mythos)، واتا "وشە" یان "داستان"ی یۆنانییەوە وەرگیرە، لە زمانی عەرەبی بە عەرەبی (اسطورة)، لە فارسیش (استوره) بەکاردێت. لە کوردیشدا تاڕادەیەک ئەفسانە و ئەفسانەی خواوەندەکان جیاکراوەتەوە، واتە ئەفسانە لەبەرامبەر (Legeng) ئینگلیزی و (اسطورة)ی عەرەبیی و (ئەفسانە)ی فاسی بەکاردەهێنرێت. (ئەفسانەی خواوەندەکان) لەبەرامبەر (Myth)ی ئینگلیزی (الأسطورة لآلهة) عەرەبی و (استوره)ی فارسی بەکاردەهێنرێت(حەسەن، ٢٠٠٣، ١٦)[1]

---

[1]. لە لای دکتۆر مەولود ئیبراهیم، (ئەفسانە) بۆ ئەو چیرۆک و حەکایەتە کۆنانەی، کە پاڵەوانی نائاسایی و دێو ئەجندە و ئامێری جادووی و پڕ هێزی وەکوو شووڕ و بەرماڵی فڕین و کڵاوی سەحرە و جن و پاڵەوان و

مرۆڤـایەتی دوای بەکارهێنـانی زمـان گەیشـتە دۆزینـەوەی شـێوەیەکی تـر لە لە شـێوەکانی بە هێمـاکردنی بابەتەکـان، بەمەش هێـزی گەورەی خـۆی دەرخسـت. لە قۆناغەکانی دیـکەدا لە مـامەڵەکردن لەگەڵ وشـەکاندا، شـیعر و ئەفسـانەی بەرهەمهێنـا. ئەمەش وەک بنیادێکی ئەدەبی هەوڵی بەرهەمهێنانەنەوەی دنیایەکی دیکەیە. هەر بۆیەشـە فەلسـەفە و زانسـت لە منداڵـدانی ئەفسـانەوە لەدایکبـوونەوە، بـۆیە ئەو ڕوانیـیە بـۆ جیهـان لە چوارچێوەی خوازە (میتـافۆر) هۆشـمەندی و ناهۆشـمەندی ڕووبەڕووی جیهـان دەکاتەوە. بەمەش ئەفسـانە لە کـۆمەڵگە دێـرین و نەریتییەکانـدا هەمـان ڕۆڵ دەگێـڕن، کە میتافیزیقیـا لە کولتووره گەشەکردووەکان دەیگێڕن. (ئەلسواح، ٢٠٢٢، ل٣٨-٤٢.) ئەفسانەکان ڕیشـەیەکی مێژوویی و کەلتووریـان هەیە بـۆیە ئەفسـانە ((حیکـایەتێکی پیـرۆزە، ئەهلـی کولتـوور کە بەرهەمیان هێناوە بڕوایان بە تەندروستی و ڕاستی ڕووداوەکان هەیە. ئەفسانە ئەو بارەی تێدایە، کە بـریتییە لە تۆمـارکردنی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابـردووودا ڕوویـان داوە و هەلـومەرج وبـارودۆخی ئێستایان دروست کـردووە)) (ئەلسـواح، ٢٠٢٢، ٢٦٥) ئەفسـانەکان تەنها دیـاردەیەکی مێژووی و تێپەڕین و قۆنـاغێکی گواسـتنە و سـەرەتاکانی بیـری مرۆڤـایەتی نـین، بەڵـکە زۆر ڕەهەنـدی دەلالـی لەنـاو قـوڵایی ئەو مێـژووەدا ئامـادەیی هەیە، ئەفسـانە ((مێـژووی میللەتـان و گەلێـک لایەنـی تـاریکی مێـژوو، ئاشـکرا دەکـات. پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکەیـن، کە نووسـینەوەی مێـژووی کۆمەڵگەکـان و پەیبـردن بە سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی و کەلتـووری و ئـابووری و دەزگە دینییەکـان، تەنیـا بە لێکـۆڵینەوە لە کەلتـوور و فۆلکلـۆر بەگشـتی و ئەفسـانە بەتایبەتی ئەتوانرێ جێ بەجێ بکرێ)) (عەبـاس، ٢٠٢١، ٢٦). کەواتە ئەفسانە دەوڵەمەنترین ئەو کەرەسانەی بواری توێژینەوەی زانستە مرۆییەکان و زۆر لەسەرە داوەکانی مێژوو بە ئێستا دەگەیەنێـت. واتە تـوێژەران و تیـۆرزانی بـواری ئەفسـانە و ڕەخـنەی ئەفسـانە، بە هـزر و مرۆڤایەتییەوە گرێ دەدەن. ((ئەنترۆپۆلۆژیستەکان ڕاهاتوون بەوەی بە چەشنێک بۆ کلتووره بەرایی و نوێییەکان بڕوانن، بەوەی نوێنەری کۆمەڵگەکانی پێش مێژوون و زۆر لێیان دەچن، گریمانەی ئەوەیان کردووە کە ئەو تەرزە کلوتووره بەراییانە لەمرۆدا هەن)) (ئەلسواح، ئـاینی مـرۆڤ، ٢٠٢٢، ١٧٨) ، تـوێژەرانی بـواری ئەفسـانە توانیویـانە زۆر لە نهێنـی و هێمـا و دەلالەتە ئەفسـانەییەکان بـخەنەڕوو، لەگەڵ ئەوەشـدا گەلێـک بـوار و ئاسـۆی توێژینەوەیـان لە زۆر لایەنەوە پێشکەش کردووە.

کتێبە ئەدەبییە کۆنەکان کە ڕەگ و ڕیشـەی قووڵیان لە مێژوودا هەیە، زۆر تشت لەبـارەی ئەفسـانە دەگێـڕنەوە. ئەفسـانە بە ڕەهەنـدە بەرفـراوانەکەی لەنـاو تراژیـدیادا وەک

---

ئامێرە سەیرەکانی تر بەکاردێت. (ئەفسانەی خواوەندەکان)یش بۆ ئەستوڕە بەکاردێت. بڕوانە: (حەسەن، ٢٠٠٣، ١٦)

بوونایەتی کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە. ئەفسانە وەک فۆرمێک لە دەربڕینی ئەزموونی مرۆڤ لە یەکەم سەرگەرمی خۆیدا لەگەڵ سروشت و ژیاندا تەراتێن دەکات. شیعر و ئەفسانە و تراژیدیا پەیوەستن بە ئەزموونی مرۆڤەوە، پڕن لە مانا و نهێنی و گوزارشت لە پێکهاتە دەروونی و جوانیناسی و پاڵنەرەکانی دەکەن. هونەر و ئەدەب لەناو کایەی ئەفسانەدا نامۆ نییەوە هاوپەیوەندە بە ئەفسانەوە و زۆر ڕەگەزی ئێستاتیکی کۆیان دەکاتەوە.

تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم توێژەران لە باسکردنی مێتۆلۆژیا شێلگیر نەبوون و ئەو زاراوەیان بەمەبەستی جیاواز بەکاردەهێنا، لەبارێکی نێگەتیڤدابوو لە بابەتی خەیاڵپڵاو ڕووداوی هەڵبەستراو نزیک دەخستەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم مێتۆلۆژیا سەرچاوەیەکی بەنرخ بوو بۆ ناسینەوە و هەڵسەنگاندنی بیر و ڕەفتاری مرۆڤی کۆن وەک لێکدانەوەی ئاوەزی مرۆڤی کۆن خوازیار بوو، بەڵام لەگەڵ گەشەی ئەنترۆپۆلۆژی لە سەرەتای سەتەی نۆزدەدا لەبواری شیکردنەوەی ئاینی و دەروونشیکاری و ڕەفتار و ئاکاری مرۆڤدا ئاکامی باشی بۆ تێگەیشتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی هەبوو، بەمەیش ئەو برەوەی جارانی سەندەوە، بەڵام بەشێواز و ڕێبازی جیاوازەوە. هەڵبەتە ئەمەش بەهۆی بەرفراوانی جیهانی میتۆلۆژیایە. بۆیە ئەوەی سەرنجی دەدرێتێ زیاتر لە میتۆلۆژیا هەرگیز بیری مرۆڤ لەناو ناچێت، هەروەک ماکس مۆلەر و ئەرنێست کاسیر لە بواری زمان و وشەدا، وەک چالاکی زەینی و هێزی میتۆلۆژیا لێی دەڕوانن. دواتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئاینناسی ڕۆمانی و مێرسیا ئیلیادە بەدانانی پێناسەیەکی بنەمایی و هەمەلایەن بۆ چەمکی میتۆلۆژیا و سامۆئیل هنری هۆک بەدابەشکردن و خانەکردنی هەمان چەمکی نێوبراو توانیان میتۆلۆژیا لە مانا باوەکەی ڕزگاربکەن و لەبواری زانستە مرڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا برەوی پێ بدەن. کارڵ گۆستاڤ یۆنگ وەک ڕەهەندێکی دەروونی و چوونە ناو ناخی مرۆڤەوە لە ڕێی ناسینەوەی هێماکانی مرۆڤەوە زیارتر کاریگەرتر برەویان بە بواری مێتۆلۆژیا داوە. (سیوەیلی، ٢٠٠٢، ٣١-٣٢) دەقە ئەفسانەییەکان پەیوەستن بە ئاینەوە دقە دنیاییەکانیش سەربەیەکێک لەو ڕەگەزانەن کە هاوشێوەی ئەفسانەن وەک حیکایەتی خوراڤی و داستانی پاڵەوانان و چیرۆکی میللی[1] (فیراس ئەلسواح، خودا و گەردوون و ... ٢٠٢٢، ٩٧)، بۆیە لە

[1] جیاوازی نێوان ئەفسانە و داستان: ئەفسانە سیمای پیرۆزی هەیە لە کاتێکدا داستانەکە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی کاریگەر و مێژووییە لە کات دیاریکراویدا، خەیاڵی واقیعی لە دەرکەوتنی پاڵەوانێکی مرۆڤدا ئامادەیە. ئەفسانە فاکتەری هاوبەشی هەیە لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا پەیوەندییەکی نزیک بە هونەرەکانی ئەدەب و زمانەوانی و فەلسەفەوە هەیە، لە کاتێکدا داستانەکە پەیوەندییەکی زیاتری بە ژانرەکانی ئەدەب و زانستە زمانەوانییەکان و جوانیناسییەکەیەوە هەیە. لە کۆتاییدا، سیحری هەردوو

ئێستادا لەو ڕەهەندە بەرفراوانییەی ئەفسانەدا، بواری تویژینەوەی زۆر پەرەیان پێدەدرێت بە بوارێکی گرنگی تویژینەوەی مرۆڤایەتی و کەلتووری دادەنرێت.

**ئەفسانەی یۆنانی**

لای یۆنانییەکان لەپێش بیرکردنەوەی (فەلسەفی)ەوە، بیرکردنەوەیەکی دیکەی هەبوو، کە زیاتر شیعریی، ئەفسانەیی و دینیی بوو. قۆناغی یەکەمی فەلسەفە تێکەڵێکە لە شیعر و ئەفسانە و دین، تەنانەت لە گفتوگۆکانی ئەفلاتونیشدا، ڕەگەزی میتۆلۆژی هەیە، ئامادەیی زمانی فەلسەفیی ئەفلاتوون پڕە لەو دەربڕینانەی لە زمانی داستان و ئەفسانە دیرینەکاندا وەسفی خواوەندەکان و بەسەرهاتەکانیان دەکرێت. (سیوەیلی، سۆفیستەکانی یۆنان، ٣٦-٣٧) ئەگەر ئەفسانەی یۆنانی میراتگری ئەفسانەی مسیۆپۆتامیا و میسری کۆن بێت، بەڵام جیاواز لەو شارستانییەتە ئەفسانەی یۆنانی درێژبوونەوە و ئیدامەی هەیە. ئەفسانەی یۆنانی ئامادەیی لە دراما و و ڕەگەزی تراژیدیاکانی یۆناندا هەیە. لە تراژیدیای یۆناندا زۆر پرس و ڕەهەندی جۆراوجۆری بوونایەتی مرۆڤ و گەردوون و پرسی فەلسەفە و ئاین تاوتوێ دەکرێن، کە دواتر فەلسەفە خەریکیان دەبێت و تویژینەوەی ئەفسانەناسیش ئەو ڕەهەندە بەرفراوانە دەخاتەڕوو، کە لە ناو ئەفسانانە و پانتایی تراژیدیادا هەن و دەبنە بەشێک لە ئێستاتیکای یۆنانی و زۆر لە تیۆر و ڕەخنەی ئەفسانەی بەخۆیەوە خەریک کردووە.

لە یۆنانی کۆن، خواوەند و خوداوەندەکان بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانە. ئەوان لەسەر چیای ئۆڵۆمپس دەژیان و تایبەتمەندی مرۆڤیان هەبوو. هەر شار-دەوڵەتێک خوداوەندی پارێزەری خۆی هەبوو، بەڵام هەندێک خوداوەند بۆ هەموو یۆنانییەکان هاوبەش بوون. ئەوان بەو پەرستگایانە دادەنران، ئاهەنگیان بۆ دەگێڕدراو قوربانیشیان بۆدەکرا. ئەوان دەسەڵاتی کاریگەرییان لەسەر ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان هەبوو. خوداوەندە یۆنانیەکانی وەک زیوس و ئەفرۆدیت و ئارێس بوونەتە هێما و چیرۆکەکان تەنانەت تا ئەمڕۆش دەژین. تێوەگلانی ئەوان لە ژیانی مرۆڤەکاندا، وەک لە چیرۆکی ئۆرفیۆس و یۆریدیسدا، ئەوە

---

ئەفسانە و داستان تا ئەمڕۆش بەردەوامە، هەردوو ئەفسانە و داستان بەردەوام مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دەخرێنە ناو چوارچێوەی هونەری دیکەی وەک شانۆنامە.

وەک نمونە لە بنچینەدا ئەژدیهاکە ئەفسانەیەکی خواوەندی بووە و دواتر لەژێر کاریگەری جیهانبینی دینی زەردەشتی بۆ ئەفسانەی پاڵەوانی گۆڕاوە. ئەفسانەی ئەژدیهاک لەگەڵ گۆڕانی مرۆڤایەتیدا بەرەو داستان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە پلەی خواوەندی بۆ فریشتە و دواجار بۆ مرۆڤ گۆڕاوە واتە ئەژدیهاکە لە قۆناغی ئەفسانەی خواوەندییەتی بۆ ئەژدیها خواوەند و لە قۆناغی ئەفسانەی پاڵەوانییەتی ئەژدیها – مرۆڤ و لەقۆناغی داستانی بۆ مرۆڤ – پاشا ستەمکار گۆڕاوە ( حەسەن، ٢٠٢٢، ١٥٣-١٥٤).

دەردەخـــات کە هـــیچ هێڵێکـــی ڕوون لە نێـــوان خوداوەنـــد و مرۆڤەکانـــدا نەبـــووە. ئەمەش جیهـانێکی ئـاڵۆز و ڕەنگـاوڕەنگی ئەفسـانە و ئەفسـانەی دروسـت کـرد، کە هەزاران سـاڵە کاریگەری لەسەر کولتوور و بیرکردنەوە هەبووە. ئـایین بەشـێکی گرنگـی ژیـانی ڕۆژانەی یۆنانیەکان بـوو. لە یۆنـانی کۆن ئـایین چەنـدین دەربڕینـی جیاوازی هەبوو. بۆ نمـوونە مـرۆڤ دەتوانێـت لە کـولتە عیرفـانیی و نـیمچە سـیحراوییەکاندا داوای یـارمەتی بکـات. لە بـابەتە گرنگەکانـدا دەکـرا بـۆ وەرگرتنـی ئامۆژگـاری ڕوو لە قسـەکەرەکان بکرێـت. ئـۆراکلی ئەپۆلـۆ لە دێلفـی لە هەمووییـان گرنگتـر بـوو، بەڵام خەڵـک زیـارەتێکی درێژیـان بـۆ شـوێنە پیرۆزەکانی دیکەی یۆنانیش دەکرد بۆ ئەوەی شتێک لەبارەی چارەنووسـی داهاتوویـان بـزانن. ئەو ئەفسانانە بوونەتە بەشێک لە میراتی گەورەی ئەورووپی[1].

لەنـاو تراژیدیـدا[2] کۆمەڵێـک ڕەگەزی چـالاک بەشـدارن، وەک پرسـیار و وتـوێژ، پـــاڵەوان لەنـــاو تراژیـــدیادا یەکێـــک لەو تایبەتمەنـــدییەی هەیەتـــی، بەردەوام نـــیگەران و بەرپرسـیاری هەیە، پـاڵەوان سەرکێشـی جەسـتەیی و ڕووحـی دەکـات، لەنـاو جیهـانی مـاددی و زەینـی دایە. چارەنووسـی تراژیـدیای یۆنـانی تراژیـدییە و گـرنگە، بەکۆتـایی هـاتنی پـاڵەوان و کۆتـایی تراژیـدیی هەمیشـە پرسیار و گفتوگۆ ئامـادەیی هەیە. لە ئەفسـانەی یۆنـانی بـابەتی ئەڤینـی بـابەتێکی نەفرەتلێکـراو نـیـیە، زیـۆس خواوەنـدی خواوەنـدەکان تـۆڕەیی هەیە و ڕقـی هەیە، بەڵام کـاتێـــک دوو خۆشەویســـت لەنـــاو بەلەمێکـــدا بـــاوەش بەیەک دەکەن کە بەرغەزەبـی خواوەنـد دەکەون، ڕای دەگۆڕێـت. ڤینـۆس (ئەفرۆدیـت) دەکەوێـتە خۆشەویسـتی زەمینـــی ئەویـــش ئەدۆنیســـە داوای وەســـتانی تـــوڕەیی خواوەنـــدەکان دەکـــات، کە ئەگەر توڕەییەکانیـان بـۆ سـەر مرۆڤـایەتی ڕانەگـرن واز لە خـوایەتی دەهێنێـت. زیـوس: فەرمـانڕەوای گەردوون و سـەرۆکی خوداوەنـدەکان. هەروەهـا زیـوس خـودای چـارەنووس بـووە بەو پێـیەی ئەو کەسەیە کە چارەنووسـی مرۆڤەکان دیاری دەکات .(moîra, aîsa - part, share) زۆرجار هۆمەر باسی چارەنووس دەکات بەبێ ئەوەی باسی زیوس بکات. فاتالیزم یان باوەڕبوون بە چارەنووس

---

[1]. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

_ https://www.so-rummet.se/fakta-artiklar/gudar-och-gudinnor-i-grekisk-mytologi

[2]. کەسایەتی پاڵەوان وەک بنەمایەکی تراژیدی لای ئەرستۆ، دەبێ تووشی کێشە و ئازار بێت و بمرێت و کاتی مەرگیشی دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ کۆتایی چیرۆکەکە. (ئەرستۆ، ٢٠١١، ) مەرگی بەناچاری پاڵەوان خۆی لە خۆیدا نەمانی پاڵەوانەکانی تری چیرۆکەکەیە، بە واتایەکی تر، تراژیدیا دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی بەرفراوانتر سەبارەت بە مەرگ و نەمان، ئەو مەرگەی کە لە کۆتاییدا هەموو کۆمەڵگا و جیهان هەڵدەلووشێتەوە (مەنسوور ڕەحمانی، govartishk.com).

تایبەتمەندی هەردوو بەرهەمی ئیلیاد و ئۆدیسێی هۆمەر (هۆمیرۆس) و هەروەها درامای چەندین نووسەری گەورەی یۆنانی ترە. ( سەعید، ٢٠٢٣/١١/٨)

کاتێک چالاکیی ئیلاهی لەسەردەمی سەردەمی پاڵەوانەکاندا سنووردار بوو. چیرۆکی قارەمانانە دەبێتە تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەفسانەی یۆنانی. کارەساتەکان بەهۆی هەڵەی پاڵەوانی تراژیدی ڕوودەدەن و خۆبەزلزانیان هەیە. بەجۆرێک ((پاڵەوانی ئەفسانە یان ئەوەتا دەبێتە ڕزگارکەر یان قوربانی، لە ئەفسانەی نوێدا پاڵەوانی ئەفسانەیی هەموو کات قوربانییە یا ئەوەتا برێکی زۆر لە تەمەنی خۆی دەکاتە قوربانی یان گیانی خۆی لەدەست دەدات)) (پاڵەوان، ٢٠١٢، ١٢٨) بەمەش کارەکانیان دەبنە پاڵەوان یان پاڵەوانی سەرکەوتنی تراژیدیا و شوناسی نەتەوەیی و هێمایەک بۆ ئەشەکەنجە و عەشق و ژیان و ماندبوون.

تیسیۆس و ئۆدیب و ئیکارۆس نموونەی ئەو خواوەندانەن، کە نوێنەرایەتی بەشێکی گرنگی ئەفسانەی تراژیدیای یۆنان دەکەن. تیسیۆس، ئەو دڕندەیە دەکوژێت، کە بەردەوام تووڕەیی غەزەب بەسەر ئەسینا دەدات، دەبێت، خەڵکەکە قوربانی بۆ بکات، واتە تیسیۆس مینۆتۆرێک دەکوژێت، دێو و دڕنجێکە نیوەی مرۆڤ و نیوەی گابووە. هاوکاتی گەڕانەوەی کوڕەکەی باوکی وادەزانی کوڕەکەی کوژراوە، خۆی دەکوژێت، دواتر بە بۆنەی سەرکەوتنی بەسەر مینۆتۆر و خۆکوشتی باوک شادی و تراژیدیا پێکەوە لەیەک کاتدا ئامادەن[1] گەڕانەوەی تیسیۆس لە کوشتنی خێوەکە (مینۆتۆر)، مەزنترین پاڵەوانی ئەسینایە، بە دیوێکی دیکەی ئەو سەرکەوتن و شادییە، باوکی تیسیۆس خۆی دەکوژێت، بەهۆی ئەوەی سەرەتا وا دەزانێت کوڕەکەی کوژراوە. لە یەک کاتدا شادی هەیە و شینیش هەیە، بەمەش ئەو کەشتییەی کە گەشتەکەی پێکردووە، وەک ڕەمزێک دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە نۆژەنکردنەوەە کەشتییەکەدا هیچ پارچەیەکی نامێنێت، دەبێتە ڕەمزی شوناسە و خەڵکی سەردانی دەکەن. ئۆدیب نموونەیەکی دیکەی ئەفسانەی ترژیدیای یۆنان، کوڕی لایۆس پادشای تیبت. ئەو ژنەی لاشەکەی شێرە و باڵی هەڵۆیە و زۆر خەڵکی کوشتووە، بەهۆی هەڵنەهێنانی مەتەڵێک دواجار ئۆدیب سەردەکەوێت و تراژیدیاکە ئەوەیە دایکی خۆی مارەدەکات و باوکی خۆی دەکوژێت، دواتر کە دەزانێت چاوی خۆی کوێر

---

[1]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەباس،٢٠٠٧ ، ١٦٣)؛ (یۆنگ، ٢٠٠٥) (عطار، بێ ساڵ و شوێن)، (جوانیناسی گریکی) سمینارێکی شاهۆ سەعید، ٢٠٢٣/١١/٨.

- Robert Payne, Guldet från Troja, Natur och kultur, 1960
- Paul G Bahn (red.), Arkeologin berättar, Historiska Media, 2003
- Erik J. Holmberg, Antiken och äldre medeltiden, Almqvist & Wiksell, 1961

دەکات. نموونەیەکی دیکە، ئیکارۆسە لەگەڵ باوکی لە زیندانی مینۆس پاشای کریت بەیارمەتی باڵەکانیان هەڵدێن، ئیکارۆس دواتر بەهۆی جەربەزەییەکەیەوە کە لەخۆر نزیک دەبێتەوە، شەمعی باڵەکانی دەتوێتەوە دەکەوێتە دەریا[1]

ئەفسانە یۆنانییەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئیلهامبەخش بوون بۆ هونەرمەندان ئەم ئەفسانە تەنیا ڕەنگدانەوەی کولتووری یۆنانی نەبوون، بەڵکە وانەی ئەخلاقی گرنگیشیان دەگەیاند. هونەری یۆنانی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هونەر و کولتووری شارستانیەتییەکانی دواتر هەبووە لەوانەش ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و سەردەمی ڕێنێسانس. هونەری یۆنانی هەمیشە بە بەها جوانکارییەکانی ناسراوە، هەربۆیەشە ((ئەریستۆ و هایدگەر چالاکیی هونەری و زانین پێکەوە دەبەستنەوە و هونەر دەکەن بە زادەی بیرکردنەوە)) (کەمال، ٢٠١٧، ١١) ئەمەش وایکردووە تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژی، مێژووی هونەر، شوێنەوارناسی مەعریفە، کە هەموو ئەمانە بوارگەلێکن بێبەش نین لە پێشنیاز و تێڕامان. ئەفسانە پەیوەستە بە خەیاڵ و شتە نامۆیەکان و فەلسەفەش پەیوەستە بە عەقڵ و لۆژیکەوە.

### ئەفسانەی کوردی

ئەفسانەی کوردی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەفسانەی ئەو مرۆڤانە سەرهەڵدەدات، کە لە کۆنەوە لە کوردستان لە دەستپێکی ژیانیانەوە لە ئەشکەوتەکاندا لە چیا و چۆلەکاندا ژیاون، ئەو پرسیارانەی وەک بوون و گەردوون و سەرهات و ئەزموونە شاد و ناشادەکانی بە زارەکیی گێڕاوەتەوە. بۆیە ئەوانەی کە دەکرێت بە ئەفسانەی کوردی بژمێردرێن کە لەگەڵ ژیانی سەرەتایی و سەرهەڵدانی ئاینەکانەوە پەیدابوون، ئاینەکان و ئەفسانەکانیش کاریان لێککردووە. بەتایبەتی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی زەردەشتی. ئەفسانەی خواوەندی کوردیش لەناو ئەفسانەی ئێرانیدا هاوبەشە. (حەسەن، ٢٠٠٢، ٢٢٣-٢٢٤) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی خۆی لە قۆناغە جیاجیاکانی تێڕوانینی ئەفسانەیی و ژیانی مێژوویی کورددا دەبینێتەوە. قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بە ژیانی مێژوویی مرۆڤی کوردەوە دەبەسترێتەوە و بەم پێیە ئەفسانەی کوردی دابەشی سەر ئەم سێ قۆناغە جیاوازەی خوارەوە دەکات: (قۆناغی ئەشکەوت -قۆناغی گوند - قۆناغی شار) (حەسەن، ، ٢٠٠٧، ٦٩-٦٦) جۆرێکی دیکە ئەفسانەی کوردی لەڕووی کاتەوە دابەشی سێ قۆناغی جیاواز دەکرێ: (ئەفسانەی قۆناغە بەراییەکان- ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست - ئەفسانەی قۆناغی نوێ) لە

---

[1] بۆ درێژەی ئەو چیرۆکانە بڕوانە: خواوەند و خوابانوانی ئەفسانەی یۆنانی، کۆکردنەوە و وەرگێڕانی ڕێدین عطار، ٧٦-٩٠؛ #https://www.so-rummet.se/fakta-artiklar/gudar-och-gudinnor-i-grekisk-mytologi

قۆناغی بەراییەوە واتە قۆناغی ئەشکەوتە لە کاتی ناشتنی مردوو کەلوپەل و خۆراکیان بۆ داناوە. دواتر لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوە، خۆی لە قالبێکی نوێ بەناوی ئایین دابێت. قۆناغی ناوەڕاستی ئەفسانەی کوردی هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی مێژوویی گوندنشینی و شارنشینیدا لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی گوند و ماڵیکردنی گیانلەبەرانی داوە و بە مەبەستی دابینکردنی خۆراك و پێویستییەکانی ژیان، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك پەیامی نوێ بۆ مرۆڤ دێنێتە ئاراوە. پەیوەست بوونی ژیانی مرۆڤ بە خواوەندە جۆربەجۆرەکان و دەرکەوتنی ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر بە مەبەستی ڕازیکردنی خواوەندەکان لەم قۆناغەدا، بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن. ئەفسانە لەناو ئەم کۆمەڵگە نوێیانە ئەوەندە بەهێزە کە بە تەواوی ڕۆڵی ئایین دەبینێ. لە قۆناغی سێیەمدا قۆناغی ئەفسانەی نوێی کوردییە کە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانییەوە تاکوو ئێستای ئەمڕۆ دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا ئیتر مرۆڤ خاوەن ئەزموونێکی لەبن نەهاتووی ژیانە لەسەر ڕووی زەوییە. شارستانییەتە پێشکەوتووەکان تێکەڵ بەیەك بوونە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سیاسی هۆکارێکن بۆ زیاتر تێکەڵبوونی میللەتان. بەشێکی گرنگی ئەفسانەکانی لەناو ئایینە جۆراوجۆرەکانی وەکو زەرڤانی میهرپەرستی و زەردەشتی مانەوەی وە..هتد جێگیر ببوون ئیتر دەبوایە خۆی لەگەڵ تێڕوانینە نوێ باوەکەی سەردەمی تازەدا بگونجێنێ، کە لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا باو بوو. بەرهەمێکی پیرۆزی نەتەوەیی وەلانەنرا، بەڵکو ئەفسانەی کوردی وەکو و ڕواڵەتێکی نوێ و لەژێر ناوونیشانی نوێ و لە قالبی ئەفسانەی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا درێژەی بە بوونی خۆی دا. (خۆشناو، ٢٠١٣، ٢٤-٢٦، ٢٢٤)

میتۆلۆژیای کوردی لە ڕوانگەی جەمال نەبەزەوە؛ کە چەند خاسیەت و تایبەتمەندی میتۆلۆژیای کوردی دەخاتەڕوو، پێی وایە میتۆلۆژیای کورد پێکهاتەیەکی سینکریتیستانەیە (واتە لەژێر باو و تاوی هەلومەرجی مێژوویی و جوگرافی هەریەکە لە بنەڕەتێکی جیاوازەوە لەنێوخۆیاندا یەک دەگرن. یەگرتەیەکی نوێ پێکدەهێنن ئەو یەک گرتەیەش ئەرکێکی تایبەتی بەڕێوە دەبات) لە مێتۆلۆژیای کوردیدا شوێنەواری ڕامانی هیندۆئێرانی هەیە، پێش دەورانی زەردەشتی وەک ڕێزدان بۆ درەخت و ئەستێرە و خۆر بەتایبەتی لە ئاینی ئێزیدی و کاکەیی و عەلەوی دەبینرێ، وەک نوێژکردنی ئێزیدییەکان ڕووکردنە خۆر و ماچکردنی ئەو شوێنەی خۆری لێدەدات لە بەیانییان[١] دوالیزمی ئێرانیی زەردەشتییە

[١] خەڵکانێکی کورد تا سەدەمی عوسمانییەکان لە ماردین و دیاربەکر دەژیان بەناوی شەمسییە و خۆرپەرست. یان دەرکەوتنی دێو بەدەر لە ئاینی زەردەشتی کە گیانی شەڕانییە، لە هیندۆئێرانی سەرچاوەی وەک خودا دەدرێتە قەڵەم. لە هەندێ چیرۆک و حەکایەتی فۆلکلۆریدا بە شەرخواز نادرێتە قەڵەم، بەڵکو کە دامان ڕزگار دەکات، ئاینی زەردەشتی نەیتوانیوە بەتەواوی بیگۆڕێت. (نەبەز، ١٩٨٦، ٧-١٥).

واته خێـر و شـەڕ وەک دوالیزمـی مـانێتی (ڕونـاکی و تـاریکی)، ترادیسـیۆنی مەزدایەسـنی لەبـارەی (یـارانی خـودێ) یـان (حەفـت تەن) بـاوەڕ بە حەوت چـاکی نەمـر هەیە، هەروەهـا لای ئێزیدییەکان باسی حەفت فریشتە دەکەن، زۆر ترادیسیۆنی وەک شونەکردن و خێرکردن بۆ مـردوو و ئەسـتێرەی گەلاوێـژ و کاکێشـان و دووڕی سـپی و فریادڕەسـی مرۆژایەتـی و ڕەنگـی شـین و دۆنـای دۆن و نهێنـی پـارێزی و نەدرکانـدنی لەبەشـێکی گرنگـی بـاوەڕی کـاکەیی وئێزیـدی و عەلەوی و زەردەشـتی و ئەهلـی حەق و شـەبەک و سـارەیی و حەقەکـان و پێکـدێنێت.(نەبەز، ١٩٨٦، ٧-١٥). واتە هەمـوو ئەو ترادیسـیۆنانە لەهەلـومەرجی کـات و جوگرافیدا لەو پێکهاتەیە گشتییە ئاینی کۆنی کوردی بنیادێکی دیکە و ئەرکێکی دیـکە پێـک دەهـێن، بەمەش لە نـاو زۆرێـک لەئەفسـانە و خورافیـاتی کـوردی دەرکـی پێدەکرێت.

مێـژوو و سـەرەتای دەسـتپێکی ئەفسـانە، ئەفسـانەی خواوەنـدەکان و ڕوانـین بـۆ دروسـتبوونی گەردوون و دیاردەکـانی پرسـی ژیـان و مەرگ، هاوبەشـییەک لەنێـوان شارشـتانییەتە کۆنەکـان و نەتەوە کۆنەکـانی خـۆرهەڵات و خۆرئـاوا کۆیـان دەکـاتەوە، هەر بـۆیە بـواری تـوێژینەوەی ئەفسـانە گـرنگە لەو کەرسـتانەی کە بەردەسـتن و بیرکـردنەوە و نائاگایی و بوونایەتی مرۆڤی لە ئێستا پێ بخوێندرێتەوە. لە ئەدەبـی سـەرزاری کوردیـدا کەم تا زۆر ئامادەییان هەیە. چەند ئاڕاستەی جیاواز لە ئامادەیی ئەفسانەی کوردیدا هەیە، یەکیـان دەرکەوتنـی ڕیشـەی ئەفسـانەی خواوەنـدە بەمانا میتۆلۆژیا وەک ئەفسـانەی ئـاینە کۆنەکـانی کورد و فرە خواوەندی و ئەفسانەی شاماران وەک خواوەندی زانـین و پارێزەری نهێنیـی، سـەری ژنێکی جوان و قاچەکانی کلکی مارە و نموونەیەکی ئەفسانەی خواوەندییە.

قۆناغی دوای ئەفسانەی خواوەندەکان، قۆناغی حیکایەتی ئەفسـانەیی فۆلکلۆرییە، بە شێوەی گشتی خۆی لە ڕووی مێژووییەوە سەر بە قۆناغێکی درەنگە، بە بەراورد بەقۆنـاغی ئەفسانە. نوێنەرایەتی دیدگای کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دەکـات. توانیـویەتی زۆرێـک لە هۆکارەکـانی تـرس لە هێـزە شـاراوەکان و ئیحـراجییە چەقبەسـتووەکانی خوداوەنـدە جۆراوجۆرەکـان نەهێڵێـت. پـاڵەوانی مـرۆڤ کە کەسـایەتییەکەی لە نـاوەوە گەشـە دەکـات، ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لە ئەفسـانەی بـاودا. (الأعرجي، ؟، ٤٠٧). دەکرێـت بەشـێک لەو قۆنـاغە وەک حیکـایەتی ئەفسـانەیی گـۆڕانی فـۆڕمی قۆنـاغی ئەفسـانەیی خواوەنـدی بێـت. بەشـێک لەو هێـزە خواوەنـدییانە بگـوێزرێنەوە بـۆ ئـامراز و کەرسـتەکانی یـان ئەو خێـو و هەژدیهاکـان کە نـوێنەرایەتی هێـزە شـەڕخوازییەکان و خواوەنـدە شـەڕخوازییەکان دەکـات، پەڵەوانەکـانیش بـۆ مـرۆڤ گـۆڕاون و پاڵپشـت بە هێـزە بـان سروشـتییەکان، ڕووبەڕووی هێـزە

شەڕانگێزییەکان دەبنەوە. نموونەی ئەو پاڵەوانییەتییە پاڵەوانێکی براوەیە. بە پێچەوانەی ئەو پاڵەوانییەتییەی قۆناغی ئەدەبیاتی نووسراو لە داستان و بەیت و لاوانەوەی کوردی زیاتر پاڵەوانەکەی شکستخواردووە.

تا ئێستاش ئەو جۆرە پاڵەوانانە (Hero) وەک کەسێکی ڕاستەقینە یان کەسایەتییەکی خەیاڵی هەن، بەو کەسانە دەوترێت کە بە بوێری و هێزی خۆیان بەرەنگاریی نەخۆشییەکان و کارەساتەکان دەبنەوە، وەک نمونەی ئەفسانەی کوردی کاوەی ئاسنگەر و ئەحمەد پاڵەوان یان گەڕان بەدوای نەمری و شتە مەحاڵەکان وەک خدری زیندە و میرمەحێ و پیرەژن، هەمان ئەو هەولانەن کە لە ئەفسانە سەرەتاییەکانی خۆرئاوا و ڕۆژهەلاتدا هەن وەک نمونەی گلگامێش و لە ئاوهەڵێنانی ئەخیل لایەن دایکی بۆ ئەوەی کوڕەکەی بە نەمری بمێنێتەوە. بۆیە پاڵەوان خاوەنی هێزێکی کاریگەرە و پەنا بۆ کەرستەی ئەفسوناوی و ئامرازی جۆراوجۆر دەبات، تا سەفەربکات ڕێگا، سەختەکان زۆردەبن. زۆرجار گوێڕایەڵی ئامۆژگاریش نابێت، لەگەڵ هێزی خراپە ڕووبەڕوو دەبنەوە، پاڵەوان بەشێکە لەو خێر و بەرکەتە، مژدەی سەرکەوتنی پێیە. ئەو خاسییەتە زیاتر لە ئەفسانەی حیکایەتە خورافییەکاندا بەرجەستەیە. پێچەوانەی ئەو داستانە شیعرییانەی کە پاڵەوانەکان پاڵەوانی تراژیدین و شکستهێنەرن، ئەو قۆناغەش قۆناغی نووسینەوەی ئەدەبیاتی سەرزارییە نموونەیەک لەوە مەم و زینی خانییە، کە نموونەی هاوشێوەی پێش ئەو داستانە شیعرییە هەبوون و قوناغەکانی دواتریش هەر بەردەوام بوونە.

### کۆنەستی ئەفسانە

ئەدەبیات بەهەموو ژانر و ڕەگەزەکانییەوە خۆی هاوبەشی و هاوپەیوەندی لەگەڵ ئەفسانە و دەربڕی ئەفسانەش هەیە. بەشێکی دیکەشی کاریگەری ئەفسانە و هەوێنی ئەفسانە لە ناو ئەدەبیاتدا ئامادەیە. ئەفسانە هەمیشە بەشێکە لەو درێژدانە و گۆڕانی ئەفسانە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە. هەمیشە ماددەکانی ئەفسانە مامەڵەکردن بووە لەگەڵ دەوروبەر و مرۆڤ، هەیشە ئەو پرسیارانەی کە لە ئارادان، و بەشێکن لە بوونایەتی شیعر و ئەدەبیات.

نەست[1] بنیادێکی کەسایەتی مرۆڤە، وەک بنیادێکی دەروونی ئەفسانەکان دەرهاوێشتەکانی کۆنەستن، وەک میرات بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە. ئەو نەستە گشتییە هەڵگری فۆرمە سەرتاییەکانن (ئارکیتایپ)، کە پڕن لە هێما و هزر و نموونەکان ئەوانەش

---

[1] نەست بەرامبەر نائاگایی، ناهۆشمەندی، ناخودئاگا، لاشعوور، بەکاردێت، سەرەتا نەستی تاکەکەس لای فرۆید تیۆریزەکراوە، دواتر لای قوتابییەکەی کارڵ گۆستاف یۆنگ نەستی گشتی وکۆنەست یان لاشعوری دەستەجەمعی باسکراوە.

لەسەرجەم نەتەوەکانی جیهاندا یارمەتیدەرن بۆ ئاشنابوون بە مێژوو و کولتووره جیاوازەکانی مرۆڤ، (یۆنگ، ٢٠٠٥، ٨٣-٨٤) بۆ ئەمەش یۆنگ چەمکی کۆنەستی دادەهێنێت. وەک حەشارگەیەک بۆ فۆرم و مۆتیڤەکان دایان دەنێت، دیارنین و بێکۆتایین بەشێوەی ڕەمز هێما خۆیان وێنا دەکەن و لە ئاسن و ساتی جۆراوجۆر دەردەکەون دەبنە زمانی نەست و نائاگایی مرۆڤ، پێکهاتەکەیان بەرجەستە نییە زۆر بە ئاسانی دەرکیان پێناکرێت. بە باوەڕی یۆنگ نیشتمانی ئەفسانە و خەون لە ناوەوەی نەستە بەردەوام بە زمانی هێما خەڵکی دەیانگێڕنەوە، ئەو فۆرمانە دەبنە ناوک و ناواخن، کە هەموو خەڵکی تێدا بەشدارن، ئەمەش بە گەورەترین سەرچاوەی زەینی مرۆڤ هەژمار دەکرێن، وەک گوێزرەوەی جیناتی مرۆڤ وان. یۆنگ زۆر جەخت لەسەر ئەفسانەکان دەکاتەوە وەک بنادێکی هێمایی، پێی وایە نەست خۆی لەناو ئەفسانەکاندا حەشارداوە .(دەروێش،٢٠٢٣، ٢٧-٤١) لەناو ئەو بنیادە ئەفسانەیدا ڕەخنەی فۆرمە سەرەتاییەکان (archetypal) ڕەخنەی ئەفسانەیی ئاسانتر دەتوانین کۆنەستی نەتەوە جیاوازەکان لە مێژووی جیاواز تێبگەین، کە پەیوستن بەرووداوەکانی ژیان و مرۆڤایەتی تێیدا هاوبەشە. ئەدەب لاسایکردنەوەی جیهان نییە، بەڵکە لاسایکردنەوەیە. ئەو خوێندنەوانە یارمەتی دەرن بۆ ڕاڤەکردنی ئەو بینادە گشتییە، کە بنەڕەتی پێکهێنانی زەین و دەروونی مرۆڤن.

ئەفسانەکان و توخمەکانی ئەفسانە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا، کۆنەست لە کۆمەڵی گەلان دەردەکەون. هەموو نەتەوەیەک ئەفسانە و توخمی ئەفسانە لە هەناوی پێکهاتە و کولتووری کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەیە. ئەگەرچی لە کولتوورێک بۆ کولتوورێکی دیکە خاسیەت و تایبەتمەندی ئەفسانە دەگۆڕێن، لەگەڵ ئەوەشدا بنیادێکی هاوبەشی و گەردوونی لە ئەفسانەی گەلاندا هەیە، بۆیە بنەمای بەراوردکردن لە تێگەیشتنی بنیادە ئەفسانەییەکەدا گرنگە. کارڵ گۆستاڤ یۆنگ (بە وردی لەم لایەنە دەکۆڵێتەوە و دەگاتە ئەو ئاکامەی بڵێت، بەشێکی ناخودئاگای مرۆڤ بریتییە لە ((مەخزەنی ئەسرار)) و بەشێوەیەکی چڕوو و ڕابردووی ئەفسانەیی مرۆڤی تێدا سەقامگیر بووە. هەر ئەم ڕابردووە ئەفسانەییشە کە جەوهەری دەروونی مرۆڤ پێک دەهێنێت)) (سیوەیلی، ٢٠٠٢، ٣١)

**مەم و زین نموونەی تراژیدیای کۆنەست**

ئەحمەدی خانی لە "مەم و زین"دا (١٦٥١-١٧٧٠٥) ئامادەییەکی گوتاری هەیە. تەنیا درامایەکی تراژیدی نییە، بەڵکە درامایەکی فەلسەفیشە، کە سروشتی ڕووداو و کارەکتەرەکانی بە بیرۆکەی فەلسەفی بنەڕەتی مەرجدارە. ئامانجی خانی تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی نییە بە زمانی کوردی و خولیای هزری ئەو زۆر لەوە زیاترە.

دەستکەوتی ناوازە و بێ وێنەی ئەو ئەوەیە کە نوێنەرایەتی دیدگەی جیهانی و فەلسەفەی خۆشەویستی و ژیانی خۆی کردووە بە بەرهەمهێنانی دەقێکی دراماتیکی ئالۆز، بەردەوام جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە. (kurdistantribune.com/ Analytical Study ،Mirawdeli) کەواتە ئەو چیرۆکە هەروەک چۆن خانی خۆی دەڵێی ئەمە بەهانەیەکە، ڕاستییەکەی ئەوە خۆی بەشێکە لەو گوتارەی کە ئاگاییانەی خان، نائاگایی بە کۆمەڵیی ئێمە وەک بوونێکی بە گۆدەهێنێت. بەتایبەتی ئەو جیاکاریی دەکات لە نێوان ئەڤینی پێکشادبوون، کە ستی و تاژیدینە، ئەڤینی پێک نەگەیشتن و ناشادی مەم و زینە، کە هەریەکەیان گوزارشتە لە دیوێکی دەلالی و ئێستێتیکی قووڵ بۆ تراژیدیای ناگایی بوونایەتی نەتەوەیەک. ئەو بەهانەیەی خانی دەمان بات بۆ کۆی ئەو ڕاڤەکارییەی کە لە ڕێی بەراوردی ئەفسانەی یۆنانییەوە بەرەو تێگەیشتنێکی دیکەوە ئاڕاستەمان دەکات.

دەقی مەم و زین، لە دەقی مەم و زینی فۆلکلۆریدا، گۆڕانگاریی بەزیادکردن و کەمکردن تێداکراوە، بۆیە دەقەکە لە ئەفسانەی تراژیدییەوە نزیك دەبێتەوە. ئەفسانەش ڕەنگدانەوەی هزرە سەرەتاییەکانی مرۆڤە بۆ جیهان و دەوروبەر، زۆرجار ئەفسانە لەگەڵ حیکایەت و خورافیات و قارەمانییەتی تێکەڵ دەبێت. حیکایەتە میللییەکان پاشماوەی ئەفسانەن و زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانە لەخۆ دەگرن. حیکایەتی مەم و زینیش حکایەتێکی میللییە و کۆمەڵێک بیروبۆچوونی ئەفسانەی تێکەڵکراوە[1]. (عبید، ٢٠١٤،ل١٤١). شاکارێکی وەکو مەم زین ئەگەرچی لە جوگرفیاییەکی دیاریکراودا وەک ڕووداوێکی تراژیدی گرێدراو بەزۆر ڕەهەندی فەلسەفی و سیاسی و ئایینی کە مۆرکی نەتەوەی کوردی پێوەدیارە لە ڕووی شوێن و ناوی کارەکتەر و جوگرافیاوە لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەی وەک شاکار وەرگێڕانی بۆ زۆرێک لە زمانەکانی دنیا بەندە بەو حەقیقەتە ئێستاتیکییەوە، کە مەم و زین گوزارشتێکی مرۆیی، ئەڤینداریی، فەلسەفی و ئەفسانەیی لە خۆدەگرێت . ((لە تێکڕای کەلتوورەکاندا چەندەها تایبەتمەندی گشتی هەیە ئەو تایبەتمەندییانە پێشتر و هەنووکە لە سەرجەم شوێن و کاتێکدا ئامادەییان هەبووە و بە جیامەندییە گشتییانە دادەنرێت، کە کەلتوورێکی لە غەیری خۆی و کاروبارەکانی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە)) (محەمەد، ٢٠، ٦٧)، بۆیە مەم و زین لەناو کایەی پرسی بوون و ئەڤین و چارەنووسی مرۆڤایەتی هاوبەشی دەسازێنیت.

---

[1] (مەم و زین) لە دەقە فولکلورییەکەدا و لەلای (خانی)یش واقیع نییە، خوێنەر کە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقانەدا دەکات لە بەرامبەر دوو بەرهەمدا خۆی دەبینێت، یەکەمیان بەرهەمێکە کە زادەی کوی خەیاڵی میللەتە ئەویش دەقە فولکلورییەکەی مەم و زینە، دووەمیان بەهەمان شێوە زادەی خەیاڵە، بەڵام خەیاڵی تاکە کەسێکە کە خانییە و دووبارە بەرهەم هینانەوەی کۆی خەیاڵی میللەتی لە ئەستو گرتوو. بڕوانە: (عبید، ٢٠١٤، ١٤٠)

بەرهەمــی مەم و زیــن وێــڕای ئەوەی وەک بەهــانە و کــاردانەوەیەکی نەتەوەیــی و کەلتــوورییە بــۆ ســەلماندنی بــوونی نەتەوە، لەهەمــان کاتیشــدا مەم و زیــن دەرکەوتەی حەقیقەتی نائاگاییانەی کوردە لە گێڕانەوەی تراژیدیای نائاگاییانەی کورددا. هەروا بەدەر لە جیاوازییەکـانی ڕەگەزەکـانی تراژیـدیی هـاوڕەوتە لەگەڵ بـوونی تراژیـدیاکانی دیـکەی دنیـادا، وەک پرسـێکی ئێسـتاتیکی پرسـیار و ئارگومێنێنـت ئـامێزە، هەر بۆیەشـە وەک تراژیـدیاکانی دیـکەی میللەتـان بەردەوام بە نەمـری مـاوەتەوە، وەک عەلـی وەردی دەڵێت ((ئەو ئەدەبە زینــدووەی بە درێژایــی ڕۆژگــار دەمێنێــتەوە کە زانســتی گوزارەکــاری یــا زانســتی ڕەوانکــاری یــا زانســتی ڕەوانبێــژی ناناســێت/.../ ســەرچاوەی جــوانی ئەدەب و نەمرییەکــان دەنگـادانەوەی دەبێـت لە دەروونــی خەڵــک و لە ژێـیە هەسـتیارەکانی دڵیـان دەدات)) (وەردی، ٢٠٠٧، سلێمانی، ٧٨) سەرنجڕاکێشـانی تـوێژەرانی کـورد و بیـانی بـۆ تێکسـتی مەم و زیـن، بەشـێکە لەو تێـدابوونەی تێکسـتەکە بە شـاراوەییەوە بە ئـێمەی دەڵێـت، بەتـایبەتی ئەو تێکسـتە لە شـوێنکات دادەبڕێـت، دەبێـتەوە بە تێکسـتێکی خـوێنەریی، واتـا بەردەوام بـۆ خـوینەران کـراوەیە. هەلـی ئەو فـرە خوێنـدنەوانە دەڕەخسـێنێت کە لە ئاسـتی قـووڵی دەقـدا دەیانکاتە مۆرکی تێکستەکە.

ئەگەرچـی مەم و زیـن گێـڕانەوەی چیرۆکێکـی ئەڤینـی ناشـادە، لەگەڵ ئەوەشـدا جـۆری ئەڤینیـیەکە لە ئاسـتی ڕەهەنـدە سیاسـی و فەلسـەفی و عیرفـانی فـرە خوێنـدنەوە هەڵـدەگرێت، بەجۆرێـک هەریەکێـک لەو کایـانە لە ئاسـتی بنیـادی قـووڵی دەقـدا ڕاڤە بـۆ تێکستەکە دەکەن، بەتـایبەتی لە ئاسـتی ڕووکەشـی دەقەکەدا ئەڤینـی نێوان دوو کەسـە و هەلــومەجی کەلتــوورێکی دیــاریکراوە لەگەڵ ئەوەشــدا لە ئاســتی گوتاریــدا ڕەهەنــدە قووڵەکـانی تێکسـتەکە بەرەو ڕاڤەگەلـی جیـاوازتر دەمـان بـات. ((مادامـەکی فەلسـەفە لـە واتــای بــوون دەکۆڵێتــەوە و بــوونیش تراجیدییــە، ئــەوا تراجیــدیا بابــەتی لێکۆڵینــەوەی فەلسەفییانەیە. فەلسـەفە لـە بێبنەڕەتایـەتی و کاتیـەتی بوون و حەتمیـەتی کۆتـایی پێهێنـانی ئــەو بوونــە دەکۆڵێتــەوە. بیرکردنــەوەی فەلســەفییانە لــە لێکۆڵینەوەکەیــدا وێنەیــەکی لێوەرگیراوی تراجیدیاکە دەردەخات و هەوڵی گۆڕانی ئەو تراجیدیایە دەدات. تراجیدیای بوون لەنێو کاتییەت و بڕانەوەی ئەم بوونە خۆی دەنوێنێت)) (کەمال، ٢٠٠٩ ، ٣٠) لەم ڕوانـگەیەوە مەم و زینی خانی، وێنانکردنی بوونێکی ئەڤینداریی و سیاسی تراجیدییە، چونکە خانی ئەو بـوونە تـراژدییە ئەڤینـی و سیاسـییە لە کـاتێکی نادیـار دەنووسـێتەوە، تـاکوو بەرەو کـاتە بەرهەڵدراوەکانی داهاتوو ئامادە بێت. هەر بۆیە ئـێمەی خـوێنەر لە ئێستەدا لەو کاتە نادیـار و کـاتی داهێنـانی ئەو بەرهەمەی سـەدەی حەڤـدە، ڕژتـر بە بەهـانەی ئەو بـوونە تراژیـدییەوە، ئەم بوونە تراژیدییەمان لە کاتی ئێستەدا هەڵدەکۆڵین و دەفەلسەفێین.

**چەمکی ناشادی تراژیدی**

ئەم چەمکە بەهرەی لە فەلسەفەی نیتشە بە هونەری تراژیدییەوە وەرگرتووە. فریدریک نیتشەی ئەڵمانی (١٨٤٤-١٩٠٠) لە لە پەیوەندی هونەر بە نەهیلیزمەوە، بۆ ئەفسانە تراژیدییەکانی یۆنانی دەگەڕێتەوە. هەروەک لە زۆربەی کتێبەکانیدا: "کەیسی ڤاگنەر"، "ئاوا ئاخافت زەردەشت"، زانستی شاد"، لە دایکبوونی تراژیدیا" و ... هتد[١]، ئەو گەڕانەوەیە بۆ هونەری تراژیدی یۆنانی کەونار ئامادەییان هەیە. نیتشە سەبارەت بە یۆنانییەکان دەڵێ: "ئاخ، یۆنانییەکان سەرچاوەی باشییان هەبوو کە بانگی خودایەکان بکەن، چونکە ڕاستی خودایە خۆزاڵکەرەکان تەنێ جارێک جوانیمان پێدەبەخشن یان هەرگیز! ئەوەی دەخوازم بێژم ئەوەیە کە جیهان تژی بووە لە تشتی جوان، لێ وێڕای ئەوەش هەژارە، زۆر هەژارە لە چاوترووکانە جوانەکان، کاتێک ئەو تشتە جوانانە بە بێ دەمامک خۆیان دەنوێنن، لێ ڕەنگە ئەوە بەهێزترین جادووی ژیان بێت: لەوەدا دەمامکێکی لێکچنراوی زێڕینیی لە شیانی جوانیی، مەترسی پەیمان، نادڵخوازیی، شەرمن، گاڵتەکاریی، هاوغەمیی، ساردیی، گومڕاکردن، هەبێت بەڵێ، ژیان ژنێکە.!" (Nietzsche ،2011, s. 228)

ئەو گەڕانەوەیەی نیتشە بۆ تراژیدیا پەیوەندی بە دۆخی ئەو نەهیلیزمەوە هەیە کە نیتشە لە سەتەی نۆزدەدا لەگەڵ دۆخی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزمی ڕۆژئاواییدا درکی پێ دەکرد، لەوێدا نیتشە لای وابوو جوانی و ویستی ژیان لە ئاوابوون دایە. بە کورتی لای نیتشە مرۆڤ تەنێ بە ڕێگەی هونەری تراژیدی، واتا بە واتای ئەو هونەر و نووسین "بە خوێن نووسرا بێت"، دەتوانێت بەسەر ئەو ناشادییەی نەهێلیزمەدا زاڵ بێت.

هەر بۆیە لە پەیوەندی بە مەم و زینی خانییەوە پێمان وایە، کە خانی لە داستانەکەیدا هەم لە بەشی ئەڤیندارییەکەی نێوان مەم و زیندا و هەمیش لە بەشە سیاسییەکەی، کە وەک خۆی دەڵێت، ئەڤینداریيەکەی مەم و زینی کردۆتە "بەهانە تاکوو شەرحی خەمی سیاسییەکەی دڵی بکات"، تراژیدییەکی ناشاد دەئافرانێت. ئەو تراژیدییە ناشادەی خانی، لە ڕوانگەی ئێمەوە پەیوەندی بە کۆنەستی کوردی بە گشتیی هەیە، کە لە ژیانی سیاسی و ئەڤینداریشدا ڕەنگیان داوەتەوە. هاوکاتیش ڕەنگە پەیوەندی بەو ئەزموونە مێژووییانەی میرنشین و دەستەڵاتدارانی کوردەوە هەبێت، کە لە شەری چالدێراندا دەستەڵاتدارانی سەفەوی و عوسمانی ئەو میرانەی کورد دەکەن بە دەستکەلای خۆیان و لە ئەنجامدا کوردستان بەسەر ئەو دوو ئیمپراتۆرەدا دابەش دەبێت.

بەمجۆرە ئێمە لە زمانی کوردیدا سەرچاوەیەکمان نە دۆزییەوە کە لە پەیوەندی بە ئەفسانە و تراژیدیا و بابەتگەلی دیکەوە، چەمکی ناشادیان بەکارهێنا بێت. بۆیە لەم

[١]. ئەو کتێبانە زۆربەیان بە کوردیکراون، بەڵام ئێمە لە سەرچاوە سویدییەکان سوودمان لێ وەرگرتووە.

تـــوێژینەوەیەدا هەوڵمـــان داوە بە ڕوانـــگەی خۆمـــانەوە بە بەڵـــگە هێنـــانەوە لە داســـتانە تراژیدییەکەی مەم و زینی خانی، ئەو ڕوانگەی ناشادییە شرۆڤە بکەین.

**هێما ئەفسانەییەکان لە نێوان تراژیدیای یۆنانی و مەم و زیندا**

ئەگەرچی لە ئاستی بەراوردکاریی تێکست و تراژیدیای دوو نەتەوەی جیاواز و لە دووکاتی جیاوازدا ڕەنگە پێویستمان بە زانینی ئەو پاشخانە کاریگەرییە دەقاوێزانییە نەبێت، بەتایبەتی بۆ نووسینی مەم و زین، لەگەڵ ئەوەشدا حەقیقەتی خوێندەواری ئاگایی ڕۆشنبیری لای خانی بەلایەنی کەم بۆ ئەو مەبەستە دەمان بات، کە خانی ئەو تێکستەی هەروا بەسادەیی نەنووسیوەتەوە. بۆیە کاتێک دەبینین خانی شارەزاییەکی زۆری لە تێکست و کەلتووری جیاواز و مەعریفەی جیاواز هەیە، دەکرێت هەموو ئاماژەکردن و دەستەواژەیەک ببەسترێتەوە بەو فەزایەی، کە لە ڕێی ڕەخنەوە ئاسۆکانی چاوەڕانی دەق بەرفراوانتر بن.

خانی شارەزایی لە مێژووی ڕۆشنبیری یۆنان و وەکو سوکرات و ئەفلاتون هەیە شارەزایی لە مێژووی ڕۆشنبیری ئیسلامی هەیە، وەک زانستی مەنتق کە لای ئەرستۆی فەیەلسوفی یۆنانی دانراوە و لای غەزالی بایەخی پێدراوە. خانی وەک دەمامک لە پشتی دەیان کەسییەتی خانی ئامادەیە. خانی باسی گەردوون و ئەستێرەناسی دەکات و شارەزایی شاکارەکانی دیکەی نووسەر و شاعیرانی کوردی و بیانییە وەکو چیرۆکی (نەخشەب) کە لە ساڵی (٧٨٠.ز)دا لەسەردەمی عەباسییەکان کوژاراوە و بانگەشەی خوایەتی دەکرد، هەروەها ئاماژە بە کتێبی (ئارژەنگ)ی مانی دەکات، کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خانی ئاماژەی داوە بە چیرۆکەکانی شیرن و خەسرە، قەیس و لیلا، ڕامین و ویس، یوسف و زولێخا، وامیق و غەزرا، شێخی سەنعان و کچی گاور، بێژەن و مەنیجە. بە پەنابردن بۆ هەندێک وێنە و باوەڕی ئایینی وەک کردەی دەقاوێزانی لە لای خانی وەک تاژدین، کاتێک ماڵی خۆی کردە ئاتەشگە بۆ پاراستنی مەم و زین، یان باسکردنی هێزی چاک و خراپە و بیروباوەڕی زەردەشتی و برایێ ئاخیرەتێ ئێزیدی. ئامادەبوون و ئاماژەردن بەو هێما ئایینی و ئەفسانەیی و کولتوورییانە تەنێ بۆ جوانکاریی و ڕازاندنەوەی شیعریی نییە و بەشێکە لە میراتی ڕۆشنبیریی کوردی و کەلتووری و ئەدەبی. (عبید، ٢٠١٤، ٩٠-٩٩، ١٢٩) بۆیەش دەبینین ئەو دۆخە نەخشاندنە بەتایبەتی لەباری سیاسییەوە هەمان کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر شاعیرانی دیکەی کوردی هەیە.

خانی دەقی (مەم و زین)ی لەسەر بنیادی حیکایەتە فۆلکلۆرییەکەی مەمی ئالان دادەنێت. گوایە لە حیکایەتخوانێکەوە گوێبیستی بووە کە سەرهاتە ئەڤیندارییە لە ساڵی ١٣٩٣ سەردەمی میرئێزەدین کوڕێ میر عەڤدال ڕووی داوە و چیرۆکێکی واقیعی بووە و خۆی دەڵێ، کە دەستکاریم کردووە. لە داستانی مام و زیندا بە زمانێکی شیعری باڵاتر بەرهەمی

دەهێنێـــتەوە. مەم و زیـــن لە دەقە فۆلکلـــۆرییەکەی ئۆســـکارمان لە تـــوحفەی مـــوزەفەرییە لەسەرزاری ڕەحمان بەکر شایەری وەرگرتووە، لە دەقە فۆلکۆرییەکەدا سەرهاتەکە زۆر شتی دیکەی تێدایە، بۆیە دەقەکە لە ئەفسانەوە نزیک دەکاتەوە، چونکە حکایەتە میللییەکان و حیکـایەتی خـورافی و قارەمـانییەتی پاشـماوەی ئەفسـانەن و زۆربەی تایبەتمەنـدییەکانی ئەفسـانە لەخـۆ دەگـرن، حیکـایەتی مەم و زینـیش حیکـایەتێکی میللیـیە و بەشـێکە لە فۆلکلـۆری کـوردی کۆمەڵێـک بیروبۆچـوونی ئەفسـانەی تـێکەڵ بـووە، بـۆیە زۆرجـاریش ئەو چیرۆکە بە ئەفسانەییەکانی ناوچە و حکایەتەکاتەکانی ناو هەزار و یەکشەوە دەیچوێنن یـان بەراوردی نێـوان ئەفسـانەی ئینانـا و تەمـووز دەکەن، بەهەر حـاڵ ئەو دەقە زادەی خەیـاڵی میللیـی و زادەی خەیـاڵی تـایبەتی شاعیریشـە، بـۆیە خـوێنەر لەبەرامبـەر هەردوو دەقـدا ئامـادەیە، کە خانی بە داستانە شیعرییەکەی دایڕشتۆە، (عبید، ٢٠١٤، ١٤٠- ١٤١) هەروەک قەلەمەکەی خۆی بە خانی دەڵێ:

**گۆ ئەحمەد ئەگەر تۆ نەی خەبیثی**
**هەرچی کو تە گوت من ئەو نقیسی (خانی: ٢٥٥)**

**ئەفسانەی ئەڤینی مەرگ و ناشادی، درەخت و نەمری وەک نموونە**

یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی ئەفسانە پرسی مەرگ و ژیانە. وەک ئەرنێست کاسـیر دەڵـێ: ((ئەفسـانە ئەوەی فێـری مـرۆڤ کـرد، مەرگ بەمانـای لەنـاوچوونی ژیـان نیـیە، بەڵـکە تەنیـا گـۆڕان بەســەر شـێوەی ژیانـدا دێـت. شـێوەیەک لە بـوون شـوێنی خـۆی بـۆ شــێوەیەکی دیــکە لە بــوون چــۆڵ دەکــات)) (ئەرنێســت کاســیر، ؟، ١٤٨). لە چەمکــی ئەفسـانەییدا دەری دەخـات مـردن دژایەتـی ژیـان نیـیە. لەسـەرهزری پـووچەڵکردنەوەی دووانەیـی نێـوان مـردن و ژیـان پێـداگری دەکـات، بەدیـوێکی دیـکەدا ئەوە دەخـاتەڕوو سروشـت لە ڕێـی مـردن و لەدایکبـوونەوە خـۆی نـوێ دەکـاتەوە، بـۆ ئەوەی بگـاتە ژیـانێکی نـوێ و تـازە. لە ئەفسانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، باس لە پێوەندییەکانی نێوان سروشت و مرۆڤ زۆر دەکرێت، پـاڵەوان یەکـێکە لەو توخمـانەی پرسـی نەمـری بەهـۆیەوە تـاوتوێ دەکرێـت. لە ئەفسـانەی کوردیدا ((سێ جۆر نەمری هەیە، ئەوانەی کە کەسایەتییەکان خۆیان بەدوای ئەو نەمرییەدا دەگەڕێـن، ئەوانەی کە بەرێـکەوت هـۆیەکی نەمرییـان دەسـت دەکەوێ، ئەوانەی کە پـاش مردنیان خەڵک بە نەمریان دەزانن)) (حەسەن،٢٠٠٢، ٢٢٥) لە نێو سۆمەری و یۆنانی و گەلانـی دیـکەی ئەفسـانەپارێزراو، گرەویـان لەسـەر نوێبـوونەوەی ژیـان دەکـرد، بە تـایبەت ئەگەر ئەم مردنە ساڵانە دووبارە ببووەوە و مردووەکەش خودایەک بوو، قوربـانی دەکـرد خـوێنی بـۆ ئەوەی ڕووی زەوی چێـژ لە ژیـان وەربـگرێت. پەرستشـانی ئەدۆنـیس پێیـان وابـوو کە خوداوەنـدەکەیان هەمـوو سـاڵێک بە برینـداری لە شـاخەکاندا دەمرێـت و هەمـوو سـاڵێک ڕووی سروشـت بە

خوێنی پیرۆزی ئەو ئاوساوە، بۆیە هەموو ساڵێک کچانی شام لەسەر مردنی ئەو لە گەنجیدا دەگریان (المساوي، www.aljabriabed.net) لە تێکستەکەی خانیدا ((زۆر حاڵەت و دیاردە، بەتایبەتی دیاردە و حاڵەتی جوانی و عیشق، لە حاڵەتی ئاسایی زەمینی دادەبڕێ بۆ ئاستی سۆپەر ناتورالی ئاسمان و جاویدانی بەرزی دەکاتەوە. عیشقی خەڵکی بۆ (ستێ و زین) لەسەری ساڵدا، شێوەی مردن و زیندووبونەوە و مردنەوەی مەم، شیوەنکردنی زین خەونبینی پیاوچاک بە بەکر مەرگەوەرەوە و ڕوانی درەختی مەم و زین و چقڵی مەم و زینیان: نموونەی دیاردەی سوپەرناتوڕالین. دیارە ئەم سوپەر ناتورالی کردنە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ بۆچوونی فەلسەفی و ئایینی خانی دا هەیە)) (میراودەلی، ، ٢٠٠٧، ٢٠)، بۆیە چەشتنی ئازار چەشتنی ئازارەکانی ئەوی دیکە نییە، بەڵکە ژیان بەبەرداکردنەوەی مەرگە ((گەورەترین شاعیران لەسەر تریستانیان[١] نووسیوە، گۆتفرید فۆن ئیستراشبۆرگی شاعیر، کە ئاوازدانەری بەناوبانگ ڤاگنەر بۆ کارەکانی ئیلهامی لەبەرهەمەکەی ئەو وەرگرت و بەمجۆرە دەنووسێت "ئازارم چەشت، ئازاری ئەشق، بۆ جیهان و بۆ ئەو دڵنەواکەری دڵە ڕەسەنەکان بم: ئەوانەی ئازیزن لە لام، بۆ ئەو دنیایەی کە دڵم بۆی لێدەدا")) (کەمبڵ، ٢٠٢٣، ١٩٦).

نەمری بە پێی ئایینە ئاسمانییەکان یەکیان جەستەییە ئەوەی تریان زیندووبونی چاکە خوازییە. نەمری بەهەشت بۆ کەسە چاکانەیە هەروەک لە هەموو ئاینە کۆن و تازە و ئاسمانییەکان جەخیی لێکراوەتەوە. نەمری لە ئەفسانەدا بەدوو جۆر هاتووە یەکیان نەمری چاکەخوازییە بەهۆی ناوەوە، ئەویتر نەمری جەستەییە (حەسەن، ٢٠٠٢، ل١١٨) ، بۆیە درەخت لە مەم و زین هێمایە بۆ نەمری، نەمری چاکە خوازییە. لای مرۆڤی کۆن درەخت بە پیرۆز سەیرکراوە بە هێمای ژیان و حیکمەت و نەمری دانراوە ئەفسانە و هێماکانی بەشێکە لە حەقیقەتە ڕووحی و جەوهەرییەکانی ناوەی مرۆڤ بۆیە ئەو درەختە نەمرییەی وەک وێنە و مۆتیڤێکی ئەفسانەییە کە ئاماژەیەکی نائاگاییانەی هەیە چونکە نەست ((نەک تەنیا ناهۆشمەندی، بەڵکە ڕێڕەوی جیهانیشە. تشتەکان بەردەوام لە دەوروبەرتانەوە دێنە ناو ژیانەوە. .... ئەو هێزە لای هەموو مرۆڤ هاوشێوەیە، گەر وانەبێت، نەدەکرا ئەو هەموو لێکچوون و ڕێکبوونەی نێوان مرۆڤ ببینین .. ڕاستە، وێنەی ئەفسانەییەکان ڕەنگدانەوەی توانای ڕۆحیی هەریەک لە ئێمەن، بە قوڵبوونەوە بۆ قوڵایی ئەو وێنانەدا، وا دەکەین هێزەکانیان بۆ ناخی ژیانمان کێش بکەین)) (بیل موریز، ٢٠٠٨، ٣٢،٣٦٥) نەمری لە ڕێی شینبوونی درەختەوە هەموو ئەو ئاماژە نائاگاییانەن، کە دەقەکە پێمان دەڵێت:

**یەعنی کو ل سەر مەم و زینێ**

---

[١]. لە ڕۆژئاوا کاریگەرترین و سەرنجڕاکێشترین نموونەی ئەشقی پڕ لە پەرۆشی بێگومان لە خوڕافاتی گێڕاوەی ئەشق لەنێوان تریستان و ئیسۆلتدا دەبینرێت.

**شین بو ژزیراعەتێ ئەڤینێ (خانی: ١١٤)**
**ئەو دار ژراحەت بەری بوو**
**مانەندی خودانی ب ستری بوو**
**رابوە خوە گیهاندە هەردوو داران**
**بۆ مانیعێ وەصلێ هەردوو یاران (خانی: ٢٣٤)**

هەمـوو مردنێـک مردنێکـی ئاسـایی نیـیە. جەسـتە دەمرێـت وەلـێ ئەڤینـی نامرێـت. ئەڤینـی بەشـێکە لەو نەمـرییەی کە لەگەڵ درەخـت و ژیـانەوە ئاسـت کـراوە، ئەوە هێـزە نائاگاییەکانی ئێمەن ئەو نەمرییە نەر دەکەنەوە.

**تراژیدیای شادی و ناشادی پاڵەوان لە نێوان تراژیدیای یۆنان و مەم زیندا**

پاڵەوانـانی داسـتانە کلاسـیکییەکان لە پێنـاو شـکۆمەند و شـەرەفمەندی ئەو رووبەرووبوونەوانەیان کردووە، کە دواجار ئەوان وەک پاڵەوان ناسێندراون. پاڵەوان لە داستانی کـوردی نووسـراودا تـێکەڵەیەکە لە ئەفسـانە و خورافـات کە زیـاتر پـاڵەوان لەو قۆنـاغەدا قۆنـاغی ئەدەبـی نووسـراودا پـاڵەوانێکی شکسـتخواردووە، بە پـێچەوانەوە پـاڵەوانی نـاو حەکایەتە میللی و ئەفسانە خورافییەکاندا کە پاڵەوانێکی جەسوور و بوێر فریاد ڕەسە، کە تا ئێستا بەسەر زاری حیکایەتخوان و گێڕەوەی کوردییەوە وەن. ئەوەی جێی پرسـیارە نائاگایی کوردی کە بەشێکە لەو میراتە نەستە جەمعییەی لە دیوی ئەدەبیاتی نووسراودا پاڵەوانەکـان شکسـتخواردوون و تراژیـدین، پـێچەوانەی ئەو پاڵەوانـانەن کە لە حیکـایەتە ئەفسانەییەکاندا هەمیشە براوەن. بەدیوێکی دیکەدا ئەوەی جێی لێوردبوونەوەیە ئەدەبیاتی سـەرزاری وەک بەشـێک لە میراتـی نائاگاییـانەی کـورد لە قۆناغەکـانی دواتـر لە بەیـت و بـاڵۆرەی کـوردی و حەیـران و لاوکەوە بگـرە تـا دەگـاتە فـیلم و درامـا کـوردی و داسـتانە دڵدارییەکان و تەناتەن ڕۆمانی کوردی بەگشتی شاکەسەکانیان پاڵەوانی شکستخواردوون و حیکـایەتی شکسـتخواردوو بە پـێچەوانەی ئەو پـاڵەوانەی لە گەشـتی پـاڵەوانی جۆزێـف کەمبڵ و نمـوونەی هۆلیـودی ئەمـریکییە، پـاڵەوان نابێـت بـدۆڕێت، بەلام لەو قۆنـاغەدا هـیچ داستانێک، لاوکێک دروست نابێت کە پاڵەوانەکەی شکستخوارد و تراژیدی نەبێت.

داسـتانە دڵـدارییەکانی پـێش مەم و زیـن و دوای مەم و زیـن، تـا دەگـاتە ئێسـتاش، دووبـارە بـوونەوەی تراژیـدی ولێکچـوونی چارەنووسـی پاڵەوانەکـان هەیە، هەڵـبەتە ئەوە یەکـێکە لەو تایبەتمەنـدیانەی تراژیـدیای ئێسـتای کـوردی دەیگێـڕێتەوە. تەنـانەت هێمـا ئەفسـانەییە بـاو و دوپاتبووەکـانی نـاو تێکسـتی ئەدەبـی کـوردی، جـارێکی دیـکە وەک کردەییەکی نائاگاییانە لە شیعری هاوچەرخی کوردی بەشێکە لەو دووپاتبوونەوە دلالالیـیە نائاگاییـانەی کـورد خۆییـان لە نێـو هێمـا ئەفسـانەییەکانی تێکسـتی کوردیـدا بەرهەم

دەهێننەوە. تراژیدیا لە ئەفسانەدا یان داستان یان لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا، بەردەوامە، بۆیە وەک جۆزێف کەمبڵیش دەڵێت: ((هێنانەوەی میتۆلۆژی لەمەڕ جەنگ زۆر ئاسانترە لە هێنانەوەی نموونەی میتۆلۆژی لەمەڕ ئاشتی؛ نەک تەنها لەبەر ئەوەی لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا، ململانێی نێوان گروپە مرۆییەکان تشتێکی ئاسایی بووە، بەڵکە ڕاستییەکی تاڵ هەیە کە دەبێ ددانی پێدا بنرێت، ئەویش ئەوەیە کە کوشتن یەکێکە لە پێش مەرجەکانی هەموو ژیان: ژیان لە ڕێی ژیانی دیکەوە بەردەوامی بەخۆی دەدات: ژیان لەسەر ژیان دەژیت ... ڕۆح ڕۆح دەخوات. بۆ هەندێک ئەم نیازە ترسناکە لە بنەڕەتەوە جێگەی قبووڵ نییە و نەتەوە و گەلی وەها برێک ئەفسانەیان خولقاندن تا بگەنە ئاشتی هەمیشەیی)) (کەمبڵ، ٢٠٢٣، ل٢١٣)، کاتێک پاڵەوان لە هەر ژانرێکدا سەردەکەوێت، ئیتر لای خوێنەر چاوەڕوانییەکان کۆتاییان دێت، بەڵام لە تراژیدیادا هەمیشە ئامادەیی پرسیار و ئارگومێنت و چاوەڕوانی دیکە و لێکەوتەی دیکە لای خوێنەر جێ دەهێڵێت.

تراژیدیای کوردی وەک تراژیدیای یۆنانی ئەو پرسیار و ئارگومێنتە نییە، کە پاڵەوان ببێتە شوناسێکی لێهاتوویی و شادی و دوای فریادڕەسی و ململانێیەکی سەخت کۆتایی تراژیدیی شاد، بەڵکوو مردنی مەم وەک تراژیدیایەکی ناشاد. گوزارشت لەو ڕەهەندە تراژییایەی نەتەوە دەکات کە بۆچی کورد لەو دۆخە تراژیدیایە چەق بەستووەی بێشوناس دەژی. ئەگەرچی لێهاتوویی مەم لە ئارادایە وەک زرنگی و زیرەکی وەک گەمەی شەترەنج وەلێ وەک کەسایەتییەکی ڕۆمانسی ناتوانێت ئامانج و زرنگییەکەی درێژە پێبدات فریودەخوات. تەنانەت دوای بەندکردنیشی چێژ لە زیندان وەردەگرێت ڕووی تراژیدیاکە تراژیدایای ناشادە و تراژیدیایەکی چێژوەرگری ئازارە. مەم بەهۆی ئەو دۆخە ڕۆمانسییەی کە تێیدایە، شادە، شادییەکی زیندانی و کاتییە ئەو کاتەی کە لە ئازاردایە چێژوەردەگرێت. چێژی نەمری و شادبوون لە بەهەشتە لەو کاتەی کە هەردووکیان لەوێ بەدەر لە ڕەقیب و بەکر یەک دەگرنەوە. بەدیوێکی دیکەشەوە بە پێی ئەو باوەڕەی خانی وەک فەلسەفەی ئاینی لە پشتی مەم ئامادەیی هەیە، دەیەوێت بڵی ئەو دۆخەی مەم دۆخێکی سۆفییانەی عاریفانییە، لەو کاتەی کە لە بەندیخانەیە زۆرشت لە باری ڕووحی لای مەم دەگۆڕێت، بە پێچەوانەوە ئەوەی یۆنانی ئەرکی هەیە و چاوەڕوانی و خەونی کۆمەڵێکە.

لە مەم و زیندا داهاتووە:

**دنیا کە بەهەشتی کافرانە/ مەڵبەندی بەڵای باوەڕدارانە/ هەرچەندە من زۆر پەشێوم/ من بەو پەشێوییە شادمانم. پاکبوونەوەی دەروون تەواو بوو/ پاڵاوتنی دڵ گەیشتە ئەنجام/ ئاوێنەی ڕووح ڕوون و ئاشکرابوو/ دەروون و دڵو گیان: پێکەوە ساف بوون/ ئەو جێنشینەی قوڵایی زیندان/ هێشتا نەگەیشتبووە خولی ساڵ/ بەڵکوو نەگەیشتبووە چل،**

**چلەمین/ گەمانی دڵ ئەو بووە یەقین/ لە دڵی ئەودا نووور دەرکەوت/ لای ئەو نهێنییەکان کەشف بوو. سەراسەر بەتێکڕایی بۆ ئەو بوونە دیمەن/ ئەڤدار و بەرد و ئاژەڵ و مرۆ/ ئەڤ ئاسن و ڕووەک و زیندەوەر/ هەرچی ئەو بەدڵ تەماشای کرد / هەرچی بە خەیاڵ گوزەری کرد/ هەریەک بۆ ئەو زینێکی دەنواند. بڕوانە: (میراودەلی، ۲۰۰۷. ۱۹٦، ۱۹۸)**

لە تراژیدیای یۆنانیدا نەمری پەیوەندی بەو شوناسەوە هەیە کە بەڕێی پاڵەوانییەتی و مـــردن لە پێنـــاو ئەو حەقـــیقەتەی کە ڕووبەڕووی دەبێـــتەوە لەگەڵ دەجەنێگێـــت، زۆربەی پاڵەوانەکان لە پێناو ئەو حەقیقەتەوە پرسی تراژیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. وەک لە تراژیدی یۆنانی ئۆدیب و کوشتی ئەژدیها و گەڕانەوەی تیسیۆس لە کوشتنی خێوەکە (مینۆتۆر)دیارە، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا مەم و زین گێڕانەوەیەکی دڵدارییە، لە ئاستی خواستی تاکایەتی ئامـادەیی تراژیـدیا، ئامـادەییەکی تاکەکەسـە، بەڵام پـاڵەوانییەتەکەی پـاڵەوانییەتییەکی ڕۆمانسییانەیە، مەم لە پێناو ئەڤیندا شوناسێکی عیرفانییانەی هەیە، کە دەلالەتێکی دەستە جەمعییە و خۆی دەداتە دەست ئەو چارەنووسەی کە ڕەقیب بەکری مەرگەوەڕ[1] لە ڕێی میرەوە بـۆی دیـاری کـردووە. هەروەک مەم بـۆ دەستەوەسـتانییەکەی لەگەڵ سروشـت گفتوگـۆ دەکات وەک دیوێک لە لاوانەوەی خۆی لە ڕێی سروشتەوەیە:

**لەگەڵ چەم:**

**بێ صەبر و قەرار و بێ سکونی**

**یان شبهەتێ من تو ژی جنوونی (خانی: ل١٤١)**

**لەگەڵ با:**

**گەهـ بەحث دکر دگەل صەبایێ**

**شەرحا غەمێ دل د گوتە بایێ (خانی، ل١٤٣)**

---

[1]. خواوەندی ئەسکلیپیۆس: کوڕی ئەپۆلۆ و خودای شیفا (مارەکەی تا ئەمڕۆش نیشانەیەکی پزیشکییە). جگە لەوەش پێیان وابوو مار ئاگاداری تایبەتمەندی چارەسەری و دەرمانی ڕووەک و گیای جۆراوجۆرە، بۆیە لە مێشکی میسری کۆن و یۆنانی و ڕۆماکاندا وەک خوداوەندی چارەسەرکەرە (ناجی، ٢٠١٦، ٧٩-٨٠) وەرگیراوی (Gerald1988,.41). شاماران وەک خواوەندی زانین و پارێزەری نهێنی، سەری ژنێکی جوان و قاچەکانی کلکی مارە. جیاواز لەو مارەی لەناو دەقی مەم و زین پەیوەندی بەهێمای ڕەقیب و پیسکەییەکی وەک و بەکری مەرگەوەڕە هەیە، ئەمەش جیاوازی نیشانەکانی ئاستی هێما ئەفسانەییەکان لەناو کوردا لە قۆناغی سەرەتایی و فرە ئاینییەوە، تا هاتنی ئیسلام جۆری هێما ئەفسانەییەکان دەگۆڕێن، دەلالەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان دەگۆڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا ناو ئێزیدییەکان مار پیرۆزی خۆی هەیە، ئێستاش لە کوردەواریدا زۆرجار ماری ڕەش ناکوژرێت.

ئەو مەنەلۆگ و گفتوگۆیەی زینیش دەکات هەمان دەستەوەستانییە و لاواندنەوەی خۆیەتی بەسروشتەوە، سروشتی ئەو بوونەوەری کە وێنایەک لە سووتان قوربانی هەیە ئەویش مەنۆلۆگی پەروانەوە شەمە بۆ پەروانە دەڵێ:

**گەهـگاھ ژدەست دلێ بریندار**

**ناچار د بو ژجانێ بێزار**

**پەروانە نەدکر ب ئاگرێ غەم**

**پەروانە دکر ژ بو خوە هەمدەم (خانی: ل١٣٧)**

لە ئەدەبیاتی کوردیدا سروشت بەشێکە لە لاوانەوە، وەک لەناو لاوک و حەیران بەستە و بالۆرەی کوردیدا شوێن و جوگرافیای شوێن وەک سروشت سەرچاوەیەکی دڵنەوایی و لاوانەوەن، واتە بەشێک لەو دڵنەواییە سروشتە. ئەو دەردڵییەی ناو تراژیدای کوردی، زیاتر شوناسێکی رۆمانسییانەی خۆکەنارگیرکردن و چوونەوە ناوەخۆی هەیە، نەک تراژیدیایەک بێت پەیوەندی بە هێماکردنەوەی شکۆی تراژیدییەوە هەبێ[1]. بۆیە بەپێی ڕوانگەی تێکستەکەی مەم و زین ئەوان لەبەهەشت هاوژینی دەکەن، زیاتر ئەو ناسنامەیە ناسنامەیەکی دڵپاکانەی ئایدیالییە.

**ناشادی بوونایەتی لەنێوان ئەفسانەی یۆنانی و مەم و زیندا**

هەروا ئەفسانەی یۆنانی هەموویان لەسەر شەڕەکان و ململانێ چەق دەبەستن، کەچی ئەوەی خانی لەسەر ئەڤینداریە و خانیش بە دووبەرەکی و خۆخۆریی و نەبوونی سەرکردەیەکی پاڵەوان کە کورد لەو بندەستییە ڕزگار بکا و بەمەیش ئەڤینی مەم و زین ڕزگار دەبێت، واتا بەیەکنەگەیشتنی مەم و زین، لای خانی هێمایە بۆ یەکنەگرتنی کورد. ئەمەیش وای کردووە کە خانی کۆمەڵێک هێما و کەسایەتی تێکدەر وەک بەکرە شۆفار، تاژدین و نەورۆز کە ستی و زین بە جل لەبەرکرنی پیاو لەبەرکردن، تا بتوانن ئازاد بن و پیاوەکان سەرکۆنەیان نەکەن، چوونەتە ئاهەنگی نەورۆز. دواجار هەموو ئەوانە لە نەبوونی پاڵەوانێک کورت دەکاتەوە، بۆیە خانی بە ڕێگەی ئەو ئەفسانە تراژدییەوە، بوونێکی ناشادمان بۆ لە کورد وێنا دەکات، کە هەمیشە لە ململانێ و یەکنەگرتن و

---

[1]. ئەحمەدی خانی ئەو کەرستە و ناوانەی وەری گرتوون، تا ئێستا لە جزیرەدا وەک میراتێکی هزریی هەرماوە و لە دیاردە و حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەون: وێنە و ئاخاوتن و گێڕانەوەی دەربارەی عەڤدال و مەم و زین و بەکۆ هەن وێڕای فرە گێڕانەوەیی وەک مەم کوڕە وەزیر و هەژار و کەسێکی بێگان و مێوان باس دەکرێت و وشەی لێکدراوی ستیازین بۆ زین و ستێ بەکاردەهێنن. ئێستاش کاتێک منداڵێک لەدایک دەبێت دەیبەتە سەرمەزاری بەکۆ تاوەکو نەخەڵەتێت و ساویلکە نەبێت، لەبەرامبەریشیدا ناوی مەم و زین وەک ژیان و ئاو ڕاڤەگراوە، عەبدولقادر(دوبەی)، ٢٠٠٦ ، ٧٤-٧٦)

ڕزگـارنەبوونی کـورددا دەهێڵێـتەوە. بۆیەشـە ئەفسـانە و ژیـان لەسـەر ململانێـی بەهـا دژەکان دامەزراوە، هەروەک خانی لە مەم و زین دەڵێ:

**ساقی تو ژ بۆ خودێ کەرەم کە/ یەک جورعەیێ مەی د جامی جەم کە/ دا جام ب مەی جیهان نوما بت/ هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت/ دا کەشف ببت ل بەر مە ئەحوال/ کانێ دبتن مویەسسەر ئیقبال**

**ئیدبارا مە وا گەها کەمالێ/ ئایا بویە قابلێ زەوالێ/ یا هەر وەهە دێ لەئیستیوا بت/ حەتتا وەکو دەورێ ئینتیها بت/ قەط مومکینە ئەف ژ چەرخی لەولەب/ طالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب/ بەختێ مە ژیۆ مەرا ببت یار/ جارەک بیتن ژ خواب هوشیار/ رابت ژ مەژی جیهان پەناهەک/ پەیدا ببتن مە پادشاهەک/ شیرێ هونەرا مەبیتە دانین/ قەدرێ قەلەما مە بیتە زانین/ دەردی مەببینتن عیلاجی/ عیلمی مە ببینتن رەواجێ/ گەر دی هەبویا مە سەرفرازەک/ صاحیب کەرەمەک سوخەن نەوازەک/ نەقدێ مەدبوو ب سککە مەسکووک/ نەدما وەهە بێ رەواج و مەشکووک/ ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا/کورمانج د دەولەتا دنیدا/ ئایا ب چ وجهێ مانە مەحرووم/ بیلجوملە ژ بو چ بوونە مەحکووم (خانی: ل٤٢-٤٤)**

لە مەم و زیندا هەردوو ئەڤیندار پێک نەگەیشتن چارەنووسە و دەبێ بمرن، دواتر لە بەهەشتدا بەیەک شاد دەبنەوە. بەڵام لە ئەفسانەی یۆنانی پێک گەیشتن لە ئارادایە و لە نێوان ژیان و مەرگە، وەک پێرسیفۆنی کچی زیۆسی باوکی خواوەندەکان و دایکەکەی ناوی دیمیتر خواوەندی کشتوکاڵ و زەوی. هادێسی خواندی ژێرزەوی دوای داواکردنی کە بخوازێت دایکی ڕازی نابێت و ئەویش هەڵی دەگرێت، دایکی کە بەدوای کچی دەگەڕێت دنیا وشک زەرد هەڵدەگەڕێت. دواتر باوکی بۆ جیهانی ژێرەوە هێرمسی تەتەری نارد بیهێنێتەوە هادێسی دەنکە هەنارێک دەداتە پێرسیفۆنی ئەوەش تۆی مەرگە بەناچاری ساڵی پێرسیفۆنی چوارمانگ لە جهانی ژێرەوە دەمێنێتەوە. پێرسیفۆنی هەم خواوەندی مەرگە هەم بەرپرسیی ژیانەوەی زەوییە لە بەهاراندا[1]. (یۆنگ، ٢٠٠٥، ٤٩١) بەبەراورد بە تراژیدیای مەم و زین ئیتر نەک بەربەست و بەکرەکان ڕێگری بەیەک گەیشتنیان لێدەکەن، بەڵکوو سزاکەیان هەمان سزای پێرسیفۆنی نییە، بۆ کاتیش پێکەوە ناگەن تراژیدای مردن ئەو ناشادییە مەرگە. لە ئەفسانەی یۆنانی چ لە گەڕانەوە تیسیۆس و ئۆدیب لە سەرکەتن بەسەر

---

[1]. لە ئەفسانەی تەمووزی سۆمەری، پێکگەیشتن هەیە، بەڵام هێشتان تێرنەبووە و دواتر دەبێت بمرێت، (ئەلسواح، ئەفسانە و مانا، ٢٠٢٢، ٢٨٤) تەمووز لە میتۆلۆژیای سۆمەری و بابلی و ئاسووری خواوەندی پیت و فەڕە بۆ گیانداران و ڕووەک، مردنی تەمووز بە مانای کۆتاییهاتنی وەرزی بەهارە، لای گریکەکان ناوی ئەدۆنیسە. (یۆنگ، ٢٠٠٥ ،٤٩٤) ئەو ئاماژەیە لە مەم و زیندا لە نەمری شینبوونی درەختی سەرگۆڕەکەیان هەیە، کە بەمانای نەمری دێت.

ئەژدیها بوونایەتییەکی شادیی و ترژیدیی لە ئارادایە و سەما بۆ پاڵەوانییەتی دەکرا[1] و لە لەگەڵ ئەوەشدا لە تراژیدیای مردنی مەم لەبری شادی وەک لە تراژیدیای یۆنانیدا هەیە، سەمای شین واوەیلا دەکرێت، هەروەک لەمەم و زیندا هاتووە:

ئەو پرسە گێڕانە بە ئاهەنگ سترانیان دەچڕی/ زین بە باڵای شەنگییەوە هەستایە سەر پێ/ وەک ئەستێرەی زوهرە لە دەنگی سازی/ سەماکەران دەچوونە بەردەمی تەرمەکە/ دام و دەدو ئادەمیی مێش ومێروو/ دار و بەرد و نەبزوێو و باڵندە/ تێکڕا ژبۆ مەمێ دەناڵان/ هەریەک بە مەقامێک دەگریا/ شڵپەی سنگ کوتانی ئەو ڕەشپۆشانە/ دروست وەک هەوری بەخرۆش و گرمەبوون. (میراودەلی، ٢٠٠٧، ٢٤٨).

دواجار خانی خۆی دەکات بە ئاخێوەرێکی بوونی کورد، بەمەیش وەک چۆن ئەو ئەڤینداریە تراژیدییە ناشادەی مەم و زین، لە بوونێکی تراژیدی ناشادی مەم و زینی ئەڤیندار بە کۆتا دێنیت، کە ئەمەیش بە گۆهێنانی کۆنائەگایی بوونێکی ناشادی کوردییە، بە هەمان شێوەیش لە داستانە شیعرییەکەیدا، "قەدەر"ی تراژیدی نائاگایی بە کۆمەڵیی بوونی کورد، بە "ئەزەل"ێکی تراژیدیی ناشادی کورد مەحکوم دەکات.

ئەوها خانی لە داستانە شیعرییەکەیدا ئەڤینداریە ناشادەکەی "مەم و زین" و قەدەری بندەستی، نائازاد و ناشادی بوونی کورد بە "ئەزەل" دەسپێرێت و دەبێژی":

**"ئەمما ژ ئەزەل خودێ وەسا کر/ ئەڤ رۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر/ تەبیعەتێ وان ئەگەرچی عارە/ ئەو عار ل خەلقێ نامدارە/ نامووسە ل حاکم و ئەمیران/ تاوان چی یە شاعیر و فەقیران/ ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا/ کورمانج د دەولەتا دنێدا/ ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم/ بیلجوملە ژ بۆچ بوونە مەحکووم/ وان گرت بە شیرێ شەهرێ شوهرەت/ تەخسیر کرن بیلادێ هیمەت/ هەر مێرەکێ وان ب بەدەلێ حاتەم/ هەر مێرەکێ وان ب رەزمێ رۆستەم/ بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان/ کورمانج چ بوویە شوبهێ بورجان" (کەریم، ١٩٩٩، ٢٤-٢٥)**

لێرەدا خانی هونەر، شیعر بە پێچەوانەی تراژدیدیا شادی یۆنانی، کە لەوێدا لە هونەری تراژیدی یۆنانیدا، بۆ نموونە لە تراژدیدیا دایۆنۆسێسدا، مردن کۆتایی ژیان نییە، بەڵکە سەما و بەردەوامی ژیانە، وەک تراژدییەکی ناشادی بوونی کورد بە سەرووی مرۆڤ،

---

[1]. ریشەی تراژیدیای یۆنانی ((لەو ڕێوڕەسمە سەرەتاییانەوە هاتووە، بۆ نموونە وەک سۆفۆکلیس و ئەسخیلۆس تراژیدیاکانی خۆیان بۆ بەڕێوەچوون لە فیستڤاڵی دیۆنیسۆسدا دەنووسی: ئەو ڤیستیڤاڵانە ڕێوڕەسمی رووانەوەبوون کە یۆنانییە کەونارەکان هەموو ساڵێک جێژنی مەرگی پاشاکانی زستان و ژیانەوەی خوداکانی بەهار و ژیانی دووبارەیان تێدا بەڕێوە دەبردن)) بڕوانە: (لی مۆرگان و ئەوانیتر، ٢٠١٤، ٢٦٤)

کورد دەبەستێتەوە، واتا لە تراژیدیای یۆنانیدا، هێزی داهێنان بۆ بەها و واتا لە مرۆڤ دانابڕێت، لێ لە داستانە تراژدییەکەی خانیدا هێزی داهێزی داهێنان، واتای بوونێکی پووچ یان ناشادە.

لێرەوە ئەگەر بە واتای فەیلەسووفی تراژیدیخوازی ئەلمانی فرێدریک نیتشە (NietzscheFriedrich,1844-1900)،بپرسین: چ پەیوەندییەک لە نێوان هیچخوازیی، واتا ناشادی هونەردا هەیە؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بۆ یەکێک لە کتێبەکانی نیتشە دەگەڕێینەوە، «زەردەشت وای گوت» کە لە بەشێکیدا نووسراوە، جگە لە مرۆڤ هیچ تشتێکی تر جوان نییە: هەموو بەهایەکی ئێستێتیکیی سەر بەم ڕاستییە سادەیە.

لە دیدی نیتشەوە، جگە لە مرۆڤ هیچ تشتێکی دیکە ناشیرین نییە، چونکە بواری جوانیناسی مرۆڤ سنووردارە. بەستنەوەی جوانی و ناشیرینی بە بوونی مرۆڤەوە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە سروشت جوانی تێدا نییە، چونکە لە مەبەست بەدەرە و جوانی تەنیا لە بوونی مرۆڤدا هەیە. تەنیا مرۆڤ دەتوانێت بەهای جوانی و ڕاڤەکردنی ئێستێتیکی بە هەبووەکان بدات. ئەوەی جوانە یان ناشیرینە، لە چاوی مرۆڤدا و بۆ مرۆڤ جوان و ناشیرین دەردەکەوێت. لە نێو ئەم ناشیرینی و دزێوییەی بووندا، یان لە نێو تاریکی هیچخوازییدا، مرۆڤ خۆی دەتوانێت واتا و مەبەست دروست بکا و بوون ڕۆشن بکاتەوە. ئەم کارە، کە ڕەتکردنەوەی هیچخوازییە، لە ڕێگەی هونەرەوە دەکرێت. ئەو کاتە مرۆڤ خۆی لە نێو تاریکی و ناشادی ڕزگار دەکات، کە هونەرمەندانە دەڕوانێتە بوون و بەهای جوانیی بۆ دادەنێت. بۆ زیاتر زانیاری (محەمەد، ٢٠١٧، ل٨١-٨٥) نیتشە لە کتێبی «ویستی هێز»دا دەنووسێت: «جگە لە هونەر چیتر نییە ئەوەندە ژیان گونجاو بکات، فریوی بدات و هاندەر بێت. هونەر تاکە هێزێکی بەرزی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ویستەیە و ژیان ڕەتدەکاتەوە»، چونکە هونەر دژی مەسیحیایەتی، دژی بودیزم و دژی هیچخوازییە. گرنگی هونەر هاوشانی گرنگی فەلسەفەیە. ئەم دوو شێوازی ڕوانینە بۆ بوون، بێهوودەیی و بێبڕوایی دەگۆڕن و دژی هیچخوازیی ڕادەوەستن. ( Nietzsche: 2021).

لێرەوە دەبینین خانی لەو بەشەی "مەم و زین"ەکەیدا، ئەو بوونە ناشادەی کە مەحکومە بە "ئەزەل" دەخاتە ئەستۆی سیاسی و "حاکم و میر"ەکان و نائاگایی بە کۆمەڵیی کورد، کە نەریت و دینیش بەشێکن لەو تێڕوانینە هیچخوازییە یان ناشادە بۆ ژیان و مەرگ، بۆ دژە ئەڤین و شادیی و ... هتد، لێ دواجار "شاعیر و فەقیران" لەو بوونە ناشادە تراژیدییە هاوێر دەکا و وەک "ویستی هێز" بۆ بوونێکی شاد لە بەرانبەر ئەو هێزە بە کۆمەڵییە هیچخواز و ناشادییەی بوونی کورد قووت دەکاتەوە، بۆیە دەبێژێ: "تاوان چی یە شاعیر و فەقیران/ ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا/ کورمانج د دەولەتا دنێدا/ ئایا ب چ وەجهێ

مـانه مهحـرووم/ بيلجـومله ژ بـۆچ بـوونه مهحكـووم/ وان گـرت به شـيرێ شـههرێ شـوهرهت/ تهخسير كرن بيلادێ هيمهت/ ههر مێرهكێ وان ب بهدهلێ حاتهم/ ههر مێرهكێ وان ب ڕهزمێ رۆسـتهم/ بفكـر ژ عهرهب حهتـا ڤه گورجـان/ كورمـانج چ بـوويه شـوبهێ بورجـان..." ههمـان سهرچاوهی پيشوو.

له كۆتاييدا دهكرێ بێژين خانی له داستانی "مهم و زين"هكهيدا، دوو هێزی دژ به يهكمـان بـۆ دهخـاته بهرانـبهر يهكتـر، "هێـزی چـاكه" و "هيـزی خـراپه "، كه ئهمهيـش له ئهفسـانه ئـايينييه سروشـتيی و حيكايهتهكـانی كورديـدا بهرچاومـان ئامادهييـان ههيه، بـۆ نمـوونه له ئهفسـانهی وێنـاكردنی گهردوون له ئـايينی ئێزيـدی و كـاكهيی و .... بهمجـۆره له بهشــه ئهڤينــدارييهكهی داســتانی "مهم و زيــن"دا، ميــر و بهكرهشـۆفار، نـوێنهرايهتی هێــزی "خـراپه"، واتـا خيـانهت و دووبهرهكـی؛ ناشـادی نائـاگايی بهكۆمهڵيی كـورد دهكهن، بهههمـان شـێوهيش له بهشــه سياســييهكهی "مهم و زيــن"دا، "حــاكم و ئهميــران"، نــوێنهرايهتی هێــزی "خراپه"دهكهن، وێڕای "ئهزهل" كه دهكرێ نوێنهرايهتی ئاييندارە نهريتييهكانی كورد بـكهن، بهشدارن لهو قهدهره "ئهزهل"ييه ناشاد، نائازادبوونهی كورد.

ههروا له بـۆتهی داسـتانهكهيدا، له ههردوو بهشـی ئهڤينـداری سياسـييهكهيدا، مهم و زين، نوێنهرايهتی ويستی "چاكه" دهكهن، چونكه له پێناو ئهڤيندارييدا سازش لهگهڵ مير و دهوروبهرهكهيـدا نـاكهن و له جهژنـی نهورۆزدا، كه هێمـای ڕۆژێكـی نـوێ و ويسـتی ئـازادييه، ئاههنــگ دهگێــرن. هاوكــاتيش ئهوهی پهيوهنــدی به سياســهتهوه ههيه، "شــاعير و فهقيــران، بهشـێك لهو ميـرانه كه وهك ڕۆسـتهمی زال پـاڵهوانن، نـوێنهرايهتی ويسـتێكی كهميـنهی ئاگايانهی كورد دهكهن، كه به سهمای شادييهوه ڕووبهڕووی مهرگ دهبنهوه.

وێـڕای ئهمهی گـوترا، له كۆنائاگـايی كورديـدا سـهده دوای سـهده ههتا ئهمـڕۆ ئهو هێزه ناشـادهی كـورد، واتـا دووبهرهكـی و خيـانهت و نهريتپهرسـتيی كولتووری و دينيـنی، زاڵن، چـونكه ئهو كۆنائاگـاييهی خـانی له "مهم و زيـن"دا بهرجهسـتهی كـردۆتهوه، نهبـۆته ويسـتی ئازادی، بهڵكه له لاو و گۆرانی و شين و لاواندنهوهدا قهتيسكراوه.

**ئهنجام**

- ئهفسانهی يۆنان و تراژيـدای مهم و زيـن ههردووكيـان بهرههمـی نائـاگايی كۆنهست، له ههردووكياندا درێژكراوهی كۆنهستی نـاو ئهدهبيـاتی ديـكهی نووسـراون. ئهو تراژيـدييه ناشادهی خانی، له ڕوانگهی ئێمهوه پهيوهنـدی به كۆنهسـتی كوردی به گشـتيی ههيه و له ژيــانی سياســی و ئهڤيندارِيشــدا ڕهنگيــان داوهتهوه. هاوكــاتيش پهيوهنــدی بهو ئهزموونه مێژوويیانهی ميرنشين و دهستهلاتدارانی كوردهوه ههيه كه دابهشبوون.

- ئەفسانەی یۆنانی هەموویان لەسەر شەڕەکان و ململانێ چەق دەبەستن، کەچی ئەوەی خانی لەسەر ئەڤینداریيە و خانیش بە دووبەرەکی و خۆخۆریی و نەبوونی سەرکردەیەکی پاڵەوان کە کورد لەو بندەستییە ڕزگار بکا، بە بەیەکنەگەیشتنی مەم و زین، دەری دەبڕێت.

- ئەفسانەی یۆنانی و مەم و زینی خانی هەریەکەیان دەبنە شوناسی نەتەوەیی، لە یۆنان زیاتر شوناسێکی پاڵەوانانەی سەرکەوتنە و لە کوردیدا شوناسێکی شکست و ماتەم و عیرفانییە. هێزی داهێنان بۆ بەها و واتا لە مرۆڤ دانابڕێت، لێ لە داستانە تراژدییەکەی خانیدا هێزی داهێنان، واتای بوونێکی پووچ یان ناشادە.

- لە هەردوو بەشی ئەڤینداری و سیاسییەکەیدا، مەم و زین، نوێنەرایەتی ویستی "چاکە" دەکەن، چونکە لە پێناو ئەڤینداریيدا سازش لەگەڵ میر و دەوروبەرەکەیدا ناکەن و لە جەژنی نەورۆزدا، کە هێمای ڕۆژێکی نوێ و ویستی ئازادییە، ئاهەنگ دەگێڕن. هاوکاتیش ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، شاعیر و فەقیران، بەشێک لەو میرانە کە وەک ڕۆستەمی زاڵ پاڵەوانن، نوێنەرایەتی ویستێکی کەمینەی ئاگایانەی کورد دەکەن، کە بە سەمای شادییەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە.

- ڕەگەزی تراژیدی لەگەڵ ڕێڕەوی بندەستی و نەبوونی دەسەڵاتی کوردی لە قۆناغەکانی مێژوودا وەک میراتێکی کۆنەستی لە بەیت و باڵۆرەی کوردی و حەیران و لاوکەوە بگرە، تا دەگاتە فیلم و دراما کوردی و داستانە دڵدارییەکان و تەناتەن ڕۆمانی کوردیش بەگشتی پاڵەوان بەبەردەوامی ڕەگەزی تراژیدییە، بەپێچەوانەی ئەو پاڵەوانەی ناو حەکایەتە میللی و ئەفسانە خورافییەکاندا پاڵەوانێکی و بوێر فریاد ڕەسە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

#### کتێبەکان

- ئەرستۆ ، هونەری شیعر (شیعرناسی)، و . عەزیز گەردی ، چاپخانەی گەنج ، چ ٢ ، سلێمانی ٢٠١١
- ئەلسواح، فیراس: ئاینی مرۆڤ، و/ خەسرۆ مەحموود میراودەلی، دەزگەی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢ ، سلێمانی.
- ئەلسواح، فیراس: ئەفسانە و مانا، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگەی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی ، ٢٠٢٢.
- ئەلسواح، فیراس: خودا و گەردوون و مرۆڤ تێڕوانین بۆ مێژووی بیر و هزرە ئاینییەکان، و/ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، بڵاوکراوەی دەزگەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠٢٢، سلێمانی.

- چەمەن ئارا، بێهرووز: https://govartishk.com ئاوڕدانەوەیەک لەسەر تراژیدیا لە شانامەی کوردیدا، وەرگێڕان: مەنسوور ڕەحمانی.

- حەسەن، مەولود ئیبراهیم: گەڕان بەدوای نەمریدا لە نێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا، دەزاگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، پاپی یەکەم چایخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- خانی، ئەحمەد: مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسنی هەژار، چاپی دووەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٨.

- خۆشناو، فەرهاد عەزیز ، ئەفراندن و مردن لە ئفسانەی کوردیدا، ئەکادیمیای کورد، هەولێر، ٢٠١٣.

- سیوەیلی، ڕێبوار: کتێبی نالی، چاپی یەکەم، دەزگەی چاپ وبڵاو کردنەوەی موکریان، ٢٠٠٢.

- سیوەیلی، ڕێبوار: سۆفیستەکانی یۆنان (لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا)، دەزگەی پاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی سێیەم، ب. ساڵ، هەولێر. عەباس، محەمەد سلێمان، دونیای ئەفسانە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- عطار، ڕێدین: خواوەند و خوابانوانی ئەفسانەی یۆنانی، گۆکردنەوە و وەرگێڕانی، بێ ساڵ و شوێن.

- کاسیر، ئەرنێست: ئەفسانەی دەوڵەت، و/ دلێر میرزا، سلێمانی.

- کەمبڵ، جۆزێف: ئەو ئەفسانانەی پێیان دەژین، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

- کەریم، محەمەدی مەلا، لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم- هەولێر-١٩٩٩.

- کەمال (د)، محەمەد: فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

- کەمال (د) محەمەد: نیتشەو پاش تازەگەری، چاپی: دووەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩ موریز، بیڵ: دەسەڵاتی ئەفسانە – گفتوگۆی بیڵ لەگەڵ جۆزێف کەمبڵ، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٨.

- لی مۆرگان و ئەوانیتر، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و/ساماڵ ئەحمەد، دەگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤.

- میراودەلی (د)، کەمال: (مەم و زین)ی خانی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- محەمەد (د)، کامەران: ڕەنگدانەوەی کەلتوور، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

- نەبەز، جەمال: سەرنجێک لە میتۆلۆژیای کورد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، سوێد، ١٩٨٦.

- وەردی (د.)، عەلی: ئەفسانەی ئەدەبی باڵا، و/ کامیل مەحموود، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی ، ٢٠٠٧،.

- یۆنگ، کارڵ گۆستاف: مرۆڤ و هێمانی، و٢ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی**

- Gerald, D. Hart ,Asclepius :the God of Medicine,USA,1988 .
- Erik J. Holmberg, *Antiken och äldre medeltiden*, Almqvist & Wiksell, 1961
- (fredrich, översättning av Carl- Hnning Wijkmark, bokförlaget Korpen, Göteborg, 2011, s. 228. Den glada vetenskapen)
- Friedrich Nietzsche: Samlade skrifter. Band 9, Efterlämnade anteckningar. Översättning: Jim Jakobsson. Brutus Östlings bokförlag Symposion, 2021.
- Paul G Bahn (red.), *Arkeologin berättar*, Historiska Media, 2003.
- Robert Payne, *Guldet från Troja*, Natur och kultur, 1960.

**گۆڤارەکان بە زمانی کوردی**

- حەسەن (پ. ی)، فەرهاد عەزیز: ئەفسانەی ئەژدیهاکە یان داستانی زوحاک، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٥٢، ٢٠٢٢.
- پاڵەوان، سەلاح حەسەن: ئەفسانەی کوردی لەنێوان دێرین و سەردەمدا، گۆڤاری واتە٢٠، ٢٠١٢.
- عەباس، محەمەد سلێمان: پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا (٢-٢ )گەڕانەوەی تیسیسۆ و کوشتنی، گ/ڕامان١١٦، ٢٠٠٧/١/٥.
- عەبدولقادر(دوبەی)، وەلید حاجی: مەم و زین قە ریژەکا ئەفسانەییە یان ژی راستیەکە هاتیە رویدان، ڕامان، قەکولینەکا بەراورد کارییەو بوچوونەکە دە ربارەی داستانا مەم و زینا نەمرا خانی (٢-٢)، گ/ڕامان،ژ ١١٠، ٢٠٠٦/٧/٥.

**گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی**

- الأعرجي(د)، ضياء حسن محمود: جماليلت الأصطورة الشعبية في الرسم العراقي المعاصر، المجلة العلوم الأنسانية، كلية التربية العلوم الأنسانية، الجلد ٢٢، عدد ١.
- ناجي(م.د) تأثير عبد الجبار، اسكليبيوس إله الطب عند الإغريق، مجلة آداب المستنصرية العدد، ٧٦، ٢٠١٦.

**نامەی ئەکادیمی**

- عبید، ئەرخەوان محەمەد: دیاردە کەلتوورییەکان لە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)دا، دکتۆرانامە، زانکۆی سلێمانی/ زانستەمرۆڤایەتییەکان /سکوڵی زمان، ٢٠١٤.
- دەروێش، ئیبراهیم ئازاد: ڕەخنەی ئەفسانەیی ئەفسانەی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٢٣.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

- Dr Kamal Mirawdeli: ‹Mem û Zîn Analytical Study*: II, 2 – Khani on Mem û Zîn ———— https://kurdistantribune.com/
- https://www.hindawi.org/books/30850472/3/-
- https://www.so-rummet.se/fakta-artiklar/gudar-och-gudinnor-i-grekisk-mytologi
- https://www.so-rummet.se/fakta-artiklar/gudar-och-gudinnor-i-grekisk-mytologi
- المساوي، عبدالسلام: الموت بين الأسطورة والفلسفة، www.aljabriabed.net/
- www.ne.se/uppslagsverk/encyklopedi/lång/mytologi-

## تراجيديا "الافرح الوجودية" بين مهم وزين خاني والأسطورة التراجيدية اليونانية


**الملخص**

ليست الأسطورة مجرد نقل لخيال مخترع لبداية الفكر والخيال الجمعي للإنسانية والأمم، بل هي تطور الفكر الإنساني إلى الكون وتخيل الوجود والحياة المتعلقة بالشعوب والأمم ومن خلال العنصر يتم التأكيد باستمرار على القواسم المشتركة بين الأنواع وأشكال السرد والشعر. تؤثر الأسطورة، بأبعادها الواسعة داخل تراجيديا، على الأنظمة السياسية والاجتماعية والثقافية ككيان. يرتبط الشعر والأسطورة والترجيديا بالتجربة الإنسانية، ومليئة بالمعنى والغموض، ويعبر عن البنى النفسية والجمالية والتحفيزية والزن ورمزيته في السياق الملحمي. وفي الأساطير، مقارنة بأسطورة العديد من الترجيديا اليونانية، فهي تتجسد في هذا البعد من المأساة الكردية العميقة. ولذلك عنوان البحث (تراجيديا "الافرح الوجودية" بين مهم وزين خاني والأسطورة التراجيدية اليونانية) عودة خاني إلى عذر مام وزين ورمزيتها في سياق الملحمة الأسطورية مقارنة بأسطورة عدة تراجيديا يونانية ناشدا تتجسد في مأساة عميقة. ولذلك فإن تفكير خاني التراجيدي يهتز في حاضرنا الترجيدي الافرحي. يريد الشاعر أن يتحدث عن الحقيقة ويتعامل مع وجودنا. ولذلك فإن تفكير احمدى خاني في "مهم و زين" التراجيدي يهتز في حاضرنا الترجيدي بالعكس الفرح او الافرح.
يريد الشاعر أن يتحدث عن الحقيقة ويتعامل مع وجودنا.



**الكلمات الدالة:** *الأسطورة، اللاوعي الجمعي، مهم وزين، الترجيديا اليونانية، التعاسة او العكس الفرح.*

**The Melancholic Tragedy of Existence Between Khani's Mam & Zin and Greek Tragedy Myths**


**Abstract**

Myth is not only consigning a creative imagination of the beginning thoughts of humanity and nations; myth is the progress of humans' thoughts for the universe or the imagination of humans' existence and life within different nationalities. Myth is a deep, spiritual and esthetic experience that reflects nations' ethnicities and human thoughts to reconfirm from common genre elements and forms of poetry or narration. Myth, through its broad dimensions in tragedy as the existences theory, impacts the political, social, and cultural systems. Poetry, myth and tragedy reflect the experience of human life through full of meaningful of mystery values; besides, they convey psychological, esthetic and motivational structure. This paper is entitled "The Melancholic Tragedy of Existence Between Khani's Mam & Zin and Greek Tragedy Myths", and it sheds light on Khani's claims in symbolizing Mam & Zin within tragedy myth compared to some Greek tragedy myths. Furthermore, Khani provides his myth based on the dimension of deep melancholic tragedy of Kurds existence. Thus, Khani's tragedy thinking resembles nowadays' dejected tragedy existence. The poet clarifies a truth of our existence.



**Keywords:** *Myth, Collective Subconsciousness, Man & Zin, Greek Tragedy, Melancholy.*